# پێشەنگ

ژمارە (٥) ساڵی دووەم - نیسانی ١٩٨٤

گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیری یە راگەیاندنی ناوەندی ی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان دەری دەکات



## لەم ژمارەیەدا


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| ٢ | کوردو مەسەلەی کورد – لازاریف |
| ٦ | ڕۆژە نەمرەکان. |
| ٨ | لە بیرەوەرییەکانم – نوری شاوەیس |
| ١١ | لەڕاپۆرتی سیاسی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە. |
| ١٢ | تورکیاو درۆودەلەسەی گەرانەوەبۆ ژیانی دیموکراتیێتی. |
| ١٤ | پرۆژەکانی ئەمریکابۆ ..... |
| ١٦ | نیکاراگوا.... |
| ١٨ | چەوساندنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە ژێر سایەی فاشیزم لەعێراق. |
| ٢٢ | گەڕان بەدوای سەرەتاکانی شانۆی کوردی دا – جەمشید کوردۆ |
| ٢٨ | بیبلیۆگرافیای فەرهەنگەکوردیەکان. |
| ٣١ | ئاخکەی – شیعر – پاپلۆنیرودا |
| ٣٢ | شاعیری شێت – شیعر – وەرزێر |

ÇAVPÊKETİNA SİKRİTÊRÊ GİŞTÎYÊ PARTÎYA ME Lİ GEL AL-HURRÎYE 52
DU BELAVOK .............. 50
ÇAVPÊKETİNEK Lİ GEL SİKRİTÊRÊ PARTÎYA ( P.P.K.K )...... 49
HOVÊTÎYA FAŞÎSTAN Dİ ZÎNDANA DÎYAR BEKİR DA ......... 45
MAMOSTA OSMAN SEBRÎ Jİ BO PÊŞENGÊ DİPEYÎVE......... 43
Lİ SER GORÊ ŞEHÎDÊ NEMİR KAWA 41
Jİ HELBESTVANÊN KURD Lİ ERMENİSTANÊ ................ 39
KURD Lİ EFXANİSTANÊ .... 38
50 SALÎYA ARAM TÎGRAN... 37
PARA ÇANDEYÎ ............ 36


## خۆ پیشاندان

پێشەنگ لەژێر چاپدابوو کە هەوالی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی زۆربەی شارو گوندەکانی کوردستانمان پێگەیشت بەبۆنەی یادی دەسالەی شەهیدانی قەلادزەو هەلەبجەو بۆ نارەزایی دەربرین دژی رژێمی دیکتاتۆری عێراق. بەپێی هەوالەکان خۆپیشاندان لە شاری هەولێرەوە دەستی پێکردوزۆربەی شارو گوندەکانی تری کوردستانی گرتەوە.

## بۆ مەقال نوری شاوەیس

مامۆستا نوری شاویس، ئەی ستێرا مە کوردا
مخابن ئەڤرۆ ڕژیا، زیانەک بۆ مە کوردا
ئەزچومە گەلیەکێ کویرئەز کەتمە هزرەکا کویر
دلێ من پارچەکا ڕەش سەر کەزەبا خو ڤەدا

xxxxxxx

تو نەرخا خاندنگەها ڕۆڵە کەنگی دێ زانی؟
تو نەرخا خاندنگەها دەما پیربوی دێ زانی
سەنگ و نەرخا ولاتی بئاسانی نزانی
هەکە تو بویە مشەخت دێ هنگی باشتر زانی

xxxxxxxx

نەرخا زانا ئو هێژا هەڤال دێ کەنگی زانی؟
هەکە هاتو ژوەچون ئەڤجا هنگی دێ زانی
بهایێ چاڤێ ڕۆژێ هەڤال دێ کەنگی زانی؟
شەڤێ کو پەڕ داهێلان هەڤال دێ هنگی زانی

xxxxxxxxx

دەستێت وان تا ئەنیشکێ بێت سۆرن ژ خوینامە
مگرتی کو نوری مر دێ چ بێژنە نەڤیێت مە
مە ئاغایەک بێ هەی یار ئاغایێ مە ئاغایەک
وی ئاغای ژی ئاغایەک هەر سێ پێل سەر پشتامە

xxxxxxxx

بیروباوەریا من هەی دێ بخوینێ ڕاگرم
بیرو باوەریا ساخبیت خو چوناکەت ئەز بمرم
مشەختم، بێ جەژن بژالەمە و پرت وبەلاڤ
سویند بخوینا مەرێتی دێ لڤێ ڕێکێ هەرم.

مصطفیٰ ئەتروشی

وێنەی بەرگ (کاوەی ئاسنگەر) لەسلێمانی، ئەوەکانی زووحاک پاش مانگێک لەدروستکردنی ڕووخاندیان

نرخی (٢٥٠) فلسە

# دەنگی پێشەنگ

لە کاتێکا کە ڕژێمی خوێنمژی ( صدامحسین ) سەرتاپای وولاتی کردووە بە زیندان بۆ گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو هەمووکەمایەتیەکانەوە ، لە کاتێکا کە دیموکراسی هەر وەك ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەبەردەوامی لە سێدارە دەدرێ ، لە کاتێکا کە دیکتاتوری عێراق تا بینە قاقای لەزۆنگاوی قادسیە وێرانکاریەکەی دا نقووم بووەو ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەلدێری ڕیسوابوون و ڕۆچوونو نەمان دەڕوات سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەست درێژ دەکات بۆ ئەو ڕژێمەو پشت دەکاتە بزووتنەوەی ئازادیخوازی میللەتی کوردو دەست لەو درووشمە هەڵدەگرێ کە لە سەرەتاوە بەرزی کردبووەوە و لە پێناوی دا هەزاران ـ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بووە، کە ئەویش دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشیستی و دیموکراسی بو عێراق و ئۆتۆنۆمی یان ( مافی دیاریکردنی چارەنووس ) بۆ گەلی کوردمان .

ئەم " گەڕانەوەیە " تەمەنی " صدامحسین " درێژ تر دەکات و هێزەکانی (ی.ن.ك) دەکاتە هێزێکی دژ بە هێزەکانی بزووتنەوەی ئازادی خوازی گەلەکەمان و بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق و دەبنە سووتەمەنی بۆ ئەو جەنگە ناڕەواو دوژمنکاریەی کە ڕژێم بەر لە چوار ساڵ بەرپای کرد بۆ پاراستنی بەرژەوەندی وولاتە کۆنەپەرست و سەرمایەداریەکان .

ئاشکرایە ماوەی چەند ساڵێکە شەڕی ناوخۆی هێزە عێراقییەکان و کوردستانییەکان بووە بە هۆی لاواز کردنی هەموو ئەوهێزانەو خزمەتی زۆری ڕژێمی ( صدام حسین ) ی کردووە و ئەم کارەی کە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) یەکێکە لە ئەنجامەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییانە، گەر ئەمەش چارەسەر دانان بێت بۆ ئەو بارەی کە بزووتنەوە ئازادیخوازیەکەمان پێیدا دەڕواتە ئەوا دەڵێین چارەسەرێکی هەڵەو زیان بەخشە، ناکۆکی نێوان هێزە نیشتمانیەکوردستانیو عێراقییەکان چەند زۆر بێت ناگاتە ڕیزی ئەو ناکۆکیە سەرەکیەی کە لە نێوان بزووتنەوەی سەرانسەری گەلی عێراق و ڕژێمی خوێنمژی بەغداد هەیە و بە نیازی خۆ ڕاگرتن دەبێ پەنا ببرێت بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکان کە لە زۆر خاڵی سەرەکیدا یەکدەگرنەوە گەرچی لە هەندێ خاڵیش دا ناکۆکی هەبێ لە نێوانیان دا ، لە هیچ بارێك دا پەنا بردنە بەر ڕێکەوتن لەگەڵ دوژمنی سەرەکی دا سوود بەخش نابێت .

وا نزیکەی پێنج مانگ تێپەڕی بەسەر ئەم ڕێکەوتنەدا بەبێ ئەوەی تا ئێستا ناوەڕۆك و چونیەتی ئەم ڕێکەوتنە ئاشکرا کرابێت، کە ئەمەش وادەگەیەنێ تا ئێستا ڕژێمی فاشیستی هیچ دەستکەوتێکی نەبەخشیوە بە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) جگە لە ڕێگادان بە "گەڕانەوە بۆ ناو ڕیزی نیشتمانی" کە ئەو ڕێگایەش هەمیشە کراوەیە لەبەردەم ئەوانەدا کە پشت دەکەنە هەموو نەریتێکی شۆڕشگێڕانەو درووشمەکانی خۆیان و ئاوات و خواستی میللەتەکەیان پێشێل دەکەن و خوێنی شەهیدانیان لە یاددەکەن

ئەمڕۆ کە بزووتنەوە ئازادیخوازیەکەمان لە قوناغێکی پڕ لە مەترسی دایە ..

ئەمڕۆ کە هەموو گەلی عێراق تینووی ئازادی و سەربەستی یە و زیاد لە هەموو کاتێك وولاتە کۆنە پەرست و سەرمایەداریەکان چاوە برسیەکانیان بڕیوەتە عێراق ، ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازەکانە لەبەرەیەکی نیشتمانی دا یەك بگرن و پەرە بە خەباتیان بدەن لە پێناوی ئەو دروشمانەی بەرزیان کردۆتەوە و کوردستان ئازاد بێت بۆ هەموو ئەو هێزانەی بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی (صدام حسین ) خەبات دەکەن ، بۆ هێنانە دی دیموکراس بۆ عێراق و گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی .

# کورد و مەسەلەی کورد

## لازاریف

وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە / د. کەمال عەلی

کورد ـ گەورەترین گرووپی ئیتنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکن کە لە مافی نەتەوایەتی خۆیان بێ بەشن، لەو کاتەدا کە ئەم میللەتە یەکێکە لە هەرە کۆنترین و دانیشتوانی بنچینەیی خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیا.

بێ گومان بەپێی بەڵگە دەستنیشانی بوونی کورد کراوە دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین. کورد ئەو میللەتەیە کە بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو ڕووداوێکی سوپایی و رامیاری و کولتووری کردووە و هیچ کاتێکیش بایەخی پێ نەدراوە لە لایەن ئیمپراتۆریەتەکان و کۆمارە نوێیەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە.

لەناو کورددا گەلێک سەرۆکی ناودار هەڵکەوتووە، بۆ نموونە (صلاح الدینی ئەیوبی کە توانی بەسەر خاچ پەرستەکاندا سەر بکەوێ)، هەروەها ناودارانی سیاسی و گەلێک ڕۆشنبیر و بیرەوان و هونەرمەندی تیدا هەڵکەوتووە. گەلی کورد هاوبەشی چالاکانەی کردووە و دەکەن چرووتنەوەی ئازادی خوازی نەتەوایەتی میللەتانی تورکیا و ئێران و وولاتە عەرەبیەکان دژی کۆلۆنیالیزم یان ج لە خەباتی ئێستای ئەو ناوچەیەدا دژی کۆنەپەرست و ئیمپریالزم. لەبەرئەوە زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستە سەرنج بدەینە مێژوو و کولتوور و مەسەلەی ئەمرووی کورد.

پێش هەموو شتێک دەبێ تەماشای کورد بکەین وەک میللەتێکی جیاواز و سەربەخۆ کە بەتەواوی ڕەنگ و رواڵەت و شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە، لەم ڕووەوە گەلێک سەرچاوەی زانستی ئەمەیان سەلماندووە.

پێویستە ئێمە لێرەدا ئەوە دووپات بکەینەوە کە تا ئێستا ڕژێمە شۆڤێنیەکان لە چەند وولاتێکی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بێ ووچان هەوڵ ئەدەن ئەو ڕاستیە بشێوێنن کە کورد میللەتێکی جیاواز و سەربەخۆیە. ئەو ڕژێمانەی دەمێک کورد بە تورک و دەمێک بە فارس و دەمێک بە عەرەب دادەنێن یان لە باشترین حاڵەتدا بە گرووپێکی کەمایەتییان دادەنێن، ئەمە لە کاتێکدا کە زوربەی زۆری کوردەکان میللەتێکی یەکگرتوویان لێ دروست دەبێت لە ڕووی زمان و پەیوەندی جوگرافیانەوە. کوردەکان زمانی تایبەتی خۆیان هەیە ـ کوردی کە ئەگەڕێتەوە بۆ زمانەکانی ڕۆژئاوای ئێران، ئەمەش زمانێکی پێشکەوتووە لەگەڵ مێژوویەکی زۆر کۆندا کە دەوڵەمەندترین ئەدەبی لێ پەیدا بووە.

خاسیەتی ئەم زمانەش ئەوەیە کە لە چەند شێوەیەکی (دیالیکتیکی) زۆر دروست بووە کە ئەوانیش دابەش دەکرێن بەسەر دوو شێوەی سەرەکیدا: سەرووی ڕۆژئاوا (یان سەروو) لەگەڵ خوارووی ڕۆژهەڵات (خوارو یان ناوەڕاست) یەکەمیان پێی ئەووترێ کرمانجی و دووهەمیان زیاتر پێی ئەوترێ سۆرانی، بەشێوەیەکی گشتی لە سەر ئەم دوو شێوەیە زمانی ئەدەبی کوردی بەرەو پێش کەوتن ئەچێ، لە شێوەی کرمانجیدا پیتی لاتینی خۆیان بەکار دەهێنن بەڵام لە سۆرانی دا پیتی عەرەبی و کوردی سۆڤیەتیش پیتی ڕووسی بەکار دێنن.

هەرچەند شێوەیەکی ئەدەبی جیاواز لە دیالیکتیک ویپیتی کوردیدا هەن بەڵام زمانی کوردی چەند سەدەیەکە بۆتە بنکەیەکی مادی بۆ بەرەو پێشچوون و یەکگرتنی کولتووری نەتەوایەتی کوردی و نموونەیەکی بەرزی بیشان داوە لە ڕووی داهێنانی میللی و پیشەیی دا، لە هەمان کاتدا دەورێکی لێ هاتووی بینیوە لە شارستانیەتی میللەتانی خوارووی ڕۆژئاوای ئاسیادا.

تەنها ئەوەی باسمان کرد بەسە کە پەردە لە سەر ڕووی ئەو ناڕاستیانە هەڵ بماڵێت و ئاشکرای بکات کە کورد میللەتێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیە.

میللەتی کورد پێش چەندەها سەدە دانیشتووانی خاکی پان و بەرینی خۆیانن کە ئەوپش ئەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، لە سەدەی دوانزە هەمەوە ئەم خاکەش بە ناوی کوردستان ناسراوە (واتە وولاتی کوردان) مەبەست لە ناوی کوردستان لێرەدا تەنها ئیانوگرافیایە. بێ گومان سنوورێکی رامیاری ڕەسمی نیە، لەبەر ئەوە هەر ژمارەیەک دەربارەی شوێنی کوردستان و ڕووپێوی کە تا ئێستا درابێت شێوەیەکی نزیکەیی (تقریبی) وەرگرتووە.

وولاتی کوردان بەشێوەیەکی نزیکەیی دەکەوێتە نێوان ٣٤ – ٤٠ پلەی هێڵی پانی سەروو لەگەڵ ٣٨ – ٤٨ پلەی هێڵی درێژایی ڕۆژهەڵاتەوە ئەمەش هەموو بەشی ناوەڕاستی شێوە چوار گوشەییەکە دەگرێتەوە. لە سەرووی ڕۆژئاواو خوارووی ڕۆژ ئاوادا سنووری بە دەریای ڕەش و دەریای سپی ناوەڕاستەوەیە. بەڵام لە سەرووی ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژ هەڵات بە دەریای خەزەر و کەنداوی فارسیەوەیە لە ڕۆژ ئاواوە بۆ ڕۆژ هەڵات ڕووپێوی دەوروبەری ١٠٠٠ هەزار کیلومەتری چوار گۆشەیە. بەڵام لە سەرەوە بۆ خوارەوە ٣٠٠ – ٥٠٠ کیلومەترە ڕوو پیێوی گشتی ئەم خاکە لە ٤٥٠ هەزار کیلو مەتری چوار گۆشە پترە، واتە دووجار لە ئەلەمانیای فیدراڵی یان ئینگلتەرە گەورەترە. دەوروبەری نیوەی ڕووپێوی کوردستان ئەکەوێتە تورکیای ئێستاوە. پتر لە ١٥٠ هەزار کیلومەتری چوارگۆشەی ئەکەوێتە ئێرانەوە، تا ٧٥ هەزار کیلومەتر چوارگۆشەی لە عیراق دایە و ١٥ پانزە هەزار کیلومەتری چوارگۆشەی لە سوریادایە. چەند بەشێکی تر لە کوردەکان لەدەرەوەی کوردستان دەژین بە تایبەتی لە (ڕۆژئاوای تورکیا، سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئێران، لوبنان، ئەفغانستان، پاکستان، کۆمارەکانی قەفقاز و ناوەڕاستی ئاسیا).

بەم شێوەیە کوردستان بەپێی شێوەی جوگرافی دابەش بووە بەسەر چوار وولاتی ڕۆژ هەڵاتی نزیکدا کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەستراوە بە ژیانی ناوخۆو پەیوەندی دەرەوەی ئەو وولاتانە. ئەو پارچەیەی کوردستان کە دەکەوێتە سەر سنووری خوارووی (بەشی قەفقاز) ی یەکێتی سۆڤیەتەوە مانایەکی گرنگی هەیە نەک تەنیا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بەڵکو لە سیاسەتی جیهانیشدا.

بەڵام ڕۆڵی کوردستان هەر بەوە دەست نیشان ناکرێت کە کەوتۆتە چ شوێنێکەوە ـ لێرەدا ئێمە دەتوانین دووڕاستی گرنگ ڕەچاو بکەین: یەکەمیان شوێنە شاخاوییە بەرزەکانەو دووهەمیشیان دەوڵەمەندی سروشتیی.

کوردستان بەشێوەیەکی گشتی وولاتێکی شاخاویە. بە درێژایی سنوور زنجیرە چیایەک درێژ دەبێتەوە کە پێی دەوترێ چیاکانی ئەرمەنی ـ کوردی و کۆمەڵە چیای زاگرۆس، بەرزایی هەندێکیان پترە لە ٣ – ٤ هەزار مەتر، لەبەر ئەمە دەبینین کە کوردستان پێک هاتووە لە قەڵایەکی سرووشتی زۆر سەخت بە تایبەتی زستانان کە بەفرێکی زۆری لێ دەکەوێت و سەرمایەکی بێ وێنەی هەیە.

دەوڵەمەندی سروشتی بنچینەیی کوردستان بێگومان، نەوتە، شوێنی بە ناو بانگی نەوتیش کەرکوکە (کوردستانی عیراق) کە پیێوانە یەکی جیهانی (قیاس عالمی) لێ داوە چ لە بەرهەمەکانیەکانیدا کە لە ٥ – ١٠ هەزار تەن لە ٢٤ سەعاتدا فرێ ئەدات و چ لە بەرهەمی دەرهێنانیدا کە لە عەشریکدا کانیەکان ٣٣٠٠ تەن فرێ ئەدەنەدەرەوە. هەروەها بەهای دەرهێنانی (القیمة الاصلیة للانتاج) نەوتی کەرکوک لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ٦٠ دا قیمەتی ٤/٢ سەنت لە یەک بەرمیلدا بەرامبەر بە ١٥١ سەنت لە ئەمریکا، ٦٣ سەنت لە فەنزەویللا ٩/٨ سەنت لە کوێت و ٩/٥ سەنت لە سعودیە کۆمەڵێکی زۆری تر لە بیرە نەوتەکان ئیستثمار دەکرێن لە زۆر شوێنی تری کوردستانی عیراق و تورکیا و ئێران و سوریا یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نزیک کوردستانن (دەتوانیین بڵێین کە دەوڵەمەندترین ئیحتیاتی زیتی ڕەش لە ناوچەی کەنداڵی فارسی دایە). خاکی کوردستان ڕەنگینە بە سامانی سروشتی ترپیشگە بەنرخ ترینیان کانە خامەکانە لە کوردستانی تورکیا. هەروەها کوردستان توانایەکی ئابووری مەزنی هەیە لەڕووی سامانی ئاویشەوە (موارد مائیة). جگە لەوانە کوردستان توانایەکی زۆری هەیە بۆ بەرەو پێشچوونی دارستان و کشتووکاڵ، بەتایبەتی

زوو دوای شەڕی جیهانی دووەم لە کوردستانی ئێران دا بۆ ماوەیەکی کەم و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد دا ـ ڕژێمێکی ئۆتۆنۆمی کۆماری دروست بوو کە پایتەختەکەی مەهاباد بوو . بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ دا لەناوبرا لەلایەن هێزی کۆنەپەرستی ئێران و ئیمپریالیزمەوە .

حکوومەتی زوردارەی شاهەنشا لە ماوەی ئەم (٣٠) ساڵە و چەندەی دوایی دا . زۆر بە درندانە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی سەرکووت کردووە . ( بەپێ ی پرۆپاگەندەی رەسمی ئێران کورد بە فارس لە قەڵەم دراوە و تا رادەیەکیش تەقالیدی نەتەوەیی کوردیان وون کردووە ) . ئەو شێوازە بە شێوەیەکی نەرم و نرو فێڵاوی بە کار هێنراوە لەهەمان کاتیشدا ئێران هەوڵی داوە کە مەبەستی تەماحکارانەی خۆی لە بزووتنەوەی کوردیی عیراق دا چەسپ بکات .

شۆڕشی ئیسلامی و دوای ئەوەش شەڕی نێوان عیراق و ئێران بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی سەر لەنوێ بێتەوە سەر شانۆ ، ئێستا زۆر ڕوونە کە پێویستی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و بەتایبەتی مەسەلەی کوردی لە ئێران دا لە پێش هەموو شتێکەوەیە .

زیاتر و بە شێوەیەکی فراوانتر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە عیراق خۆی چەسپاندووە ، لە ساڵی ١٩٦١ وە ( لەگەڵ هەندێک جار شەر راوەستاندن ) لە کوردستانی عیراق بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەستی پێ کردووە وسوپای عیراق بۆ هیچ کات لە توانای دا نەبووە لەناوی بەرێت تەنها ئەوکاتە بزووتنەوەکە ڕاوەستێنرا کە سەرۆکایەتی نوێ لە بەغداد ساڵی ١٩٦٨ دەستەلاتی گرتەدەست زۆر تەنازولاتی بۆ کورد کرد . یاسای ١١ ی مارتی ١٩٧٤ کە دانی ناوە بە مافی کورد دا لە سەر بناغەی ئۆتۆنۆمی هەموو داواو مافە رەواکانی کوردی بەجێ نەهێناوە بە تایبەتی ( دیاری کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ) ، لە ڕاستیشدا ئەو یاسایە چۆن نووسرابوو هەر واش مابووەوە دوور لە جێ بەجێ کردن . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یاسایە مانایەکی مێژوویی هەبوو کە تا ئێستا بۆ یەکەم جار بووە . خۆ ئەگەر ئەم ڕێگایە وون نەکرێت و درێژەی پێ بدرێت ڕەنگ هەیە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەرەو نزیک بوونەوە بڕوات .

گەلی کورد کە (٢٠) ملیۆنە ، بەئاواتی گەیشتنە بە مافەکانی ( با لەسەرەتاشدا سادە بێت ) لە هەموو پارچەکانی کوردستان ، خەبات دەکات لە پێناوی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە لە کاتی ئێستادا ئۆتۆنۆمی

گرنگترین واتاکانێتی . ئەم خەباتەش سەخت و درێژ خایەنە دوژمنانی گەلی کورد لە بەردەم ئامانجەکانیاندا گەلی کۆسپ و تەگەرەیان داناوە ، بەڵام ئێستا ئاسۆی سەرەتایەکی باش هەیە بەوەی کە چارەسەرکردنی بنچینەیی باری ئالۆزاوی بەوجۆرەی کە میللەتی کوردی تێدا دەژی ـ زیاتر بەرەو تێ گەیشتن ئەڕوات و بە شێوەیەکی فراوان لە هەموو شوێنێک دا بڵاو دەبێتەوە .

لە گوفاری ( ئاسیا و ئەفریقا ئەمرو ) وەرگیراوە
گوفاریکي راميارى مانگانەیە لە پەیمانگەی روژهەلاتناسی سەر بە کوری زانیاری سوفیتی دەر دەچیت .
ژمارە / ١٢ مانگی ١٢/ ١٩٨٣ لا ٣٦ ـ ٣٩

هەمان ووتار لەم دواییەدا لە ڕۆژنامەی پراڤدا بڵاوکرایەوە ـ پراڤدا ڕۆژنامەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێتی یە ـ

رووەو دا مەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی

# بەیاننامەیەکی چوارقوڵی

لە ژیر ناونیشانی ( رووخاندنی رژیمی خوینریژی سەدام و دامەزراندنی حوکمیکی نیشتمانی دیموکراتی تەنها ریگایە بو رزگارکردنی وولات) بەیاننامەیەکی چوارقولی لەلایەن پارتی سوشیالیستی کوردستانی عیراق و پارتی سوشیالیستی عیراق و کومەلبوونی (التجمع) دیموکراتی عیراق و پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە روژی ١٩٨٤/٣/١ دا دەرچووە بە بونەی ئەو پەرەسەندنە دژوارانەی بەسەر جەنگی عیراق و ئیراندا هاتوون ، لە بەیاننامەکەدا هاتووە :

ئەی گەلی عیراقی مەزن

مەسەلەی بەرگری لە نیشتمان نە مەسەلەیەکی عەسکەری و نە چەکی پیشکەوتوو و سوپا ئامادە کردن و یانکردنی ئیحتیاتە ، بەلکو لە جەوهەردا مەسەلەیەکی رامیاریە و لە بنچینەدا پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی پاراستنی سەربەخویی نیشتمانی ، ئەوەش هەرگیز لەژیر سایەی رژیمی سەدام نایەتەدی کە دژ بە گەلو نیشتمانە . هەروەها بەیانەکە پەنجەی بو گرنگی پان راکیشاوە و لەم بارەیەوە هاتووە :

ئەی پارتی وهیزوکەسە نیشتمانیەکان بەهەموو لایەنە سیاسیەکانتان و ریبازەکانتان: ئا لەم روژەدا کە چارەنووسی نیشتمان دەخریتە روو ، بەرپرسیاریەکی میژوویی وتایبەتی دەکەویتە سەرشانی هەموومان . . . هەروەها لەم بارەیەو بەیانەکە دەلیت: ریگای هیچ جورە خاویک نەماوە لە مەسەلەی بەرەی نیشتمانی پان بو رووخاندنی رژیمی فاشی ، لەسەر بنچینەی دلسوزی بو سەربەخویی عیراق و یەکیتی خاکەکانی و مافی گەلەکەمان بو هەلبژاردنی ئەو رژیمە نیشتمانیەی دیموکراتیەت بو عیراق و ئوتونومی بو کوردستان دەهینیتەدی . . . .

# ڕۆژە نەمرەکان



هەڵەبجە ١٩٧٤

٢٣ /نیسانی/١٩٨٢

قوتابیانی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری سلێمانی و جەماوەرێکی زۆر خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد لە دژی ڕژێمی فاشیستی بەغداد، لەخۆپیشاندانەکەدا هاواریان دەکرد بۆ ڕووخانی ڕژێم.

٢٤/ نیسانی/١٩٨٢

لەیادی هەشتەمی بوردومانەکەی قەلادزەدا خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە لە شاری قەلادزە سازکرا و خۆپیشاندەرەکان دوای ئەوەی بەشەقامەکاندا گەڕان ڕوویان کردە گۆڕستانی شەهیدان، پیاوەکانی ڕژێمی فاشیستی ئابڵووقەی گۆرستانەکەیان دا و کەوتنە گووللەبارانکردنی جەماوەرەکە،لەئەنجاما شەش خۆپیشاندەر شەهیدکرانو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوو.



قەڵادزە
ڕۆژی ٢٤/ نیسانی/١٩٧٤
١٦٧ شەهید و پتر لە ٢٥٠ بریندار

٢٥/ نیسانی / ١٩٨٢

بوهاوکاری کردن لەگەڵ دانیشتوانی قارەمانی شاری قەلادزە،جەماوەری شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان ساز کردو لە خۆپیشاندانەکەدا (٤٠) قوتابی کچ وکوڕگیرانو ڕەوانەکران بۆ زیندانەکانی کەرکوک ،هەروەها بیست خۆپیشاندەر بریندار کرابوون بەدەستی جەلادەکانی ڕژێمی صدام حسین ... لەئەنجامدا شاری سلێمانی مانگرتنیگشتی دەست پێکرد و دوکانو بازار داخراو زۆربەی کرێکاروفەرمانبەرەکان نەچوون بۆسەر کار ،بۆ نارەزایی دەربڕین دژی تاوانەکانی ڕژێمی دیکتاتوری .
.هەر لەم روژەدا لە بەستەستێن و ژاراوەوتووە سوران خۆپیشاندان ساز کرا بۆ هاوکاری دەربڕین لەگەڵ قەلادزە .

٢٦/ نیسانی/ ١٩٨٢؛

لەیادی هەشتەمی بوردومان کردنی دا شاری هەڵەبجە خۆپیشاندانێکی گەورەی بەخۆیەوە دی لەوێش جەلادەکان کەوتنە گوللەبارانکردنی جەماوەر و (١٢٠) خۆپیشاندەر بەرەو زیندان ـ ڕاپێچ کران . هەر هەمان ڕۆژ مانگرتن لە قەلادزەو گوندە هاوچەرخەکان بەردەوام بوو.

٢٧/ نیسانی/ ١٩٨٢؛

بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ قەڵادزەوهەڵەبجەو سلێمانی ، لەگەرەکی شۆرجەو ئیمام قاسم لە کەرکوک خۆپیشاندانێك سازکرا ،بە بەشداری کوردو عەرەب و تورکمان .

٢٨/ نیسانی /١٩٨٢

قوتابیانی قوتابخانە ناوەندی وئامادەییەکان و خانەی مامۆستایانی سلێمانی لەگەڵ جەماوەری شار جارێکی تر بۆ هاوکاری دەربڕین لەگەڵ جەماوەری قەڵادزە و هەڵەبجە و بۆ داواکردنیبەردانی ئەوانەی لە ڕۆژانی پێشودا گیرابوون خۆپیشاندانێکی جەماوەری مەزن ساز کراو وێنەکانی صدام لە دیوارەکان کرایەوەو سوتێنرا ،فاشیەکان کەوتنە دەست ڕێژ کردنی خۆپیشاندەرەکان و قوتابی تێکۆشەر جەبار سەعدون شەهید کرا و زیاد لە (٩٠)کەس گیرانو دەیان بریندار هەبوو.

* هەر ئەوڕۆژە دانیشتوانی( بەکرەجۆ) بۆ هاوکاری دەربڕین لەگەڵ ڕاپەڕینی شارو گوندەکان و بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر کارو کردەوەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری خۆپیشاندا ـ نیان ساز کرد.

٢٩/ نیسانی/ ١٩٨٢

قوتابیانی .. ناوەندیکوڕانو کچانی نادیەی ماوەت.خۆپیشاندانێکیان ساز کرد بۆ هاوکاری دەربڕین لەگەڵ شارە ڕاپەڕیوەکانی تری کوردستان ، ئەو ڕۆژە مانگرتن هەموو ناو ماوەتی گرتبووەوە و بەتەواوی دوکانو ـ بازار داخرابوو،لێرەش (٢٠) قوتابی( کوران و کچان) لەلایەن پیاوەکانی ڕژێمەوە گیران.

*خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی بەردەوامبوو، ئاگربەردرایە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان کە کرابوو بە مۆڵگای جاش و خۆفرۆشەکان، پاش ئەوە خۆپیشاندانەکە بەدەم هاواری مردن بۆ صدام ڕوویان کردە بەردەرکی سەراو چەند ئوتومبیلێکی جەلادو چڵکاو خۆرەکانیان سووتان.

٣٠/نیسانی/١٩٨٢

جەماوەری سەنگەسەر بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ قەڵادزەو شارەکانی تر خۆپیشاندانێکی

جەماوەریان دژی ڕژێمی خوێنمژی صدام حسین ساز کرد.

۱ / ئایاری/۱۹۸۲

لە چوارقورنە دوکان و بازار داخراو خۆپیشاندانێکی مەزن سازکرا ، فاشیستەکان ڕووی چەکەکانیان کردە سنگی خۆپیشاندەرەکانو لەئەنجامدا (۵۹) پەنجاو نۆ خۆپیشاندەربریندار کران و لەوەڵامی ئەوەشدا جەماوەرەکە توانیان جاشێك بکوژن و چوار سیخور بریندار بکەن.

* لەسلێمانی مانگرتن و خۆپیشاندان هەر بەردەوامە
* لە ڕانیە قوتابیانی ناوەندی وئامادەیی (کورانو کچان)کەوتنە خۆپیشاندانولەئەنجامدا شەش خوپیشاندەر گیران ر ڕەوانە کران بۆ زیندانەکانی کەرکووك.
* لەشاری هەولێر ،لە کۆلیژی ئەندازیاری و پەیمانگەی تەکنۆلۆژییەوە خۆپیشاندان دەستی پێکرد بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ شارەڕاپەڕیوە ـ کانی تر خۆپیشاندانەکە ڕوەو کۆلیژی پەروەردە کەوتەڕێ ـ فاشیستەکان کەوتنە گوللە باران کردنی خۆپیشاندەرەکان و زیاد لە (٤٠) کەس بریندار کران .



قەڵادزەی سەربڕاو

۲ / ئایاری/۱۹۸۲

پترلە هەشت هەزار هاونیشتمانی لە شاری ڕانیە خۆپیشاندانێکی مەزنیان سازکرد و لە ئەنجاما توانیان دەست بگرن بەسەر زۆربەی فەرمانگە میریەکان دا، خوێنمژەکان کەوتنە گوللەباران کردنی جەماوەرەکەو پێنج خۆپیشاندەر شەهید کران .

* خۆپیشاندانەکانی دانیشتوانی شاری سلیمانی هەر بەردەوامە .

۳ / ئایاری/۱۹۸۲

لە سەنگەسەر ئەو ڕۆژە دووکانو بازار نەکرایەوەو خۆپیشاندانێکی گەورە ساز کرا دەرەبەگ و جاش و بەکرێ گیراو، عەباس بایز ئاغا کەوتە گوللەبارانکردنی خۆپیشاندەرەکان و لەئەنجاما کچێك بەناوی چیمەن شەهیدکراو حەوت هاووڵاتی تر بریندار کران .

٤/ ئایاری /۱۹۸۲

دیسانەوە شاری ڕانیە هەستا بۆ ناشتنی پێنج شەهیدەکە ، قوتابیان تەرمەکانیان نایە سەرشان و بەشەقامەکانی شاردا گێڕایانوکەوتنە بەردەباران کردنی دائیرەی سیخوورەکان.

* هێشتا لە سلێمانی و هەولێرو قەڵادزەوچوار قورنەو هەڵەبجە خۆپیشاندان بەردەوامە، لە هەڵەبجە بە گوللەی فاشیستەکان چوار خۆپیشاندەری تر بریندار کران .

٥/ ئایاری/ ۱۹۸۳

مانگرتن لە سلێمانی و هەولێر و قەڵادزە و هەڵەبجە و چوارقورنەو ماوەت و سەنگەسەر هەر بەردەوامە .

٦/ ئایاری / ۱۹۸۲

بۆ دەربڕینی هاوکاری لەگەڵ قەڵادزە لەکۆیە خوپیشاندانی جەماوەری دەستی پێکردو فاشیستەکان کەوتنە گوللەبارانکردنی قوتابیە خۆپیشاندەرەکانو یانزە قوتابی کورو کچ بریندار کران و چەندەها خۆپیشاندەری ترخرانە زیندانەوە .

٧/ ئایاری /۱۹۸۲

دووبارە لە شاری کۆیە خۆپیشاندانێکی جەماوەری زۆر گەورە دەستی پێکردو بە تەواوی دوکان و بازار داخرا، جەماوەرەیکۆیە ئاگریان بەردایە دائرەی قائمقام و پۆستەو ئورزدی باك و دوو قوتابخانە کەببووبە مۆڵگا بۆ فاشیستەکان ،لەم خۆپیشاندانەشدا لە ئەنجامی دڕندەیی بەکرێ گیراوە خوێنمژەکان سێ خۆپیشاندەر شەهید کران و (٤٠٠) کەس لە دانیشتوانی کۆیە گیران کە زوربەیان قوتابی بوون ( لە کچ و کوڕ ) .

* مانگرتن هیشتا بەردەوامە لە سلێمانی و هەولێر ، کەرکوك ، قەڵادزە ،ڕانیە ،چوار قوڕنە ، ماوەت ،سەنگەسەر ،بەکرەجۆ ، گوندە بەناو هاوچەرخەکان.

٨/ ئایاری / ۱۹۸۲

ئەمرۆ جەماوەرێکی زۆری شاری کۆیە خۆپیشاندانێکی مەزنیان ساز کرد دژی ڕژێمی دیکتاتوری صدام حسین .



شاری سلێمانی

٢٠/ئایاری/١٩٨٢

هەزاران کەس ،لە هەموو لایەکی شاری سلێمانیەوە کەوتنە خۆپیشاندان و هاواریان دەکرد بروخێ صدام حسین ، خۆپیشاندان ومانگرتن سەرانسەری شاری گرتەوەو دوکانو بازارو فەرمانگەمیریەکان هەموو داخران .

بە حکوومەتی بەغداد ، کە داوا دەکەن دەبێ ئەو چوار ئەفسەرە کوردە لە سێدارە نەدرێن . ئەویش پەیمانی داینێ کە ئەو بروسکەیە لێ بدات ، کەچی بۆ بەیانی بیستمان کە لە سێدارە دراون و تەرمەکانیان رەوانەکردوون ،نامق قەزاز لە بەغداد کفنی کردبوون و بە چەند ئۆتۆمبیلێک تەرمەکەی عزەت بۆ ئامێدی برایەوە لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی خیراللە برایەوە بۆ هەولێر و تەرمی مستەفا خوشناوو محمد قودسی هێنرایەوە بۆ سلێمانی

ئەو ڕۆژە خەڵکی شار خۆ پیشاندانێکی گەورەیان کرد ، هەر بە خوپیشاندان خەڵکەکە لەگەڵ تەرمەکەدا هەتا گردی شەهیدان چوون .

من فەرمانبەر بووم وابراهیم ئەحمەد پارێزەر بوو . بەلام بەر لەوەی بەرەو گردی سەیوان بڕۆیین تەرمەکەمان بە بەردەم ماڵی کەس و کاریان دا برد ، بەرەو لای مزگەووتی گەورە دەچووین ،کە گەیشتینە لای قاوەخانەکەی قادر ئاغای عەتار لەبەر کۆشکەکەی توفیق قەزاز ، تەرمەکەمان وەستان ، ابراهیم خۆی خستبووە ژێر تابووتی تەرمەکەوە و زور دەترسا ، نەیدەوویست ئەو تەرمە بەبەردەم سەرادا ببەین ، دەیووت :( لێمان ئەدەن .. خەڵکێکی زۆر ئەکوژرێ بەم بۆنەیەوە خەڵکی لەناو دەچێت و ئەو هەموو خوێنە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە. ) . ئێمەش دەمانووت:" هەردەبێ تەرمەکە لەوێ وە ببەین و پۆلیس جەسارەتی ئەوەی نیە تەقەمان لێ بکات " .
ئیبراهیم قسەی لەگەڵ من و نووری محمد ئەمین ی پارێزەر دەکرد دەیوویست بە هەموو شێوەیەک قەناعەتمان پێبکا بەلام نەیتووانی . ئاچار لەگەڵمان دا هات ،لە ترسانا لەرزی لێ نیشتبوو . کاتێک کە گەیشتینە بەردەرکی سەرا تەرمەکەمان خستە ناو پیکابێکەوە کەلەوێ وەستابوو من و ابراهیم چوینە ناو ئۆتۆمبیلەکەوە ، بەڕێوەبەری پۆلیس ئەوکاتە حمیدمیرزا ( برای رەشە تەینال) بوو، پۆلیسەکانی خۆی هێنابوو لە بەردەرکی سەرا ڕاوەستابوو، هەموو لایەکیان گەمارو دابوو . ئێمەش تەرمەکەمان بە ئەقامی سابوونکەران دا برد بەرەو لای گردی سەیوان ڕێکەوتین . خەڵکی شار هەموو لە ماڵی خۆیان هاتبوونە دەرەوە . کە گەیشتینە گردی سەیوان ، چەند ووتارێک خوێندرایەوە بەناوی پارتییەوە لەلایەن ( حەمەی ئەحمەدی تەها ) کە ووتار خوێنەرێکی لێهاتووی ئێمە بوو.
لەپاش ناشتنی تەرمەکە لەپاڵ گۆرەکەی محمودجودتەوە هەموو گەڕاینەوە ، لە گەڕانەوەدا لەسەرووی ئەقامی سابوونکەران سەرباز و پۆلیس وەستابوون و خەڵکەکەیان بەهێمنی و لەسەر خۆ بڵاوە پێ کرد ، چەند ئەفسەرێکی کورد و عەرەبیش لەوێ ئامادە بوون ، ئەفسەری حامیەی سلێمانی بوون . ئەفسەرە عەرەبەکانیش دیار بوو،کە دڵگرانی خۆیان پیشان دەدا ،چونکە زوربەیان نیشتمانی بوون ،ئەوانەی زۆربەیان لە شۆرشی ١٤/ گەلاویز دا بەشدار بوون ، چونکە زوربەیان گەنج بوون ، تەنانەت ئامری حامیەکەش هەرچەند عەرەب بوو بەلام زۆری پێ ناخۆش بوو.
ئیتر لە دوای ئەوە کە خەڵکەکە بڵاوەی پێ کرا ،پرسەی تەواو گیراو پارمەتی بۆ خێزانی شەهیدان کۆکرایەوە ئەندامانی پارتی بەو کارە هەستان و لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە دانرا .

لەلایەکی ترەوە مەلا مستەفا ناڕەزایی دەردەبڕیە رامبەر بە پارتی کۆمۆنیستی ئازەربێجان بە تایبەتی بەرامبەر بە سکرتێرەکەی کە بابرۆف بوو . تاوانباری دەکرد بەوەیکە بەکرێ گیراوی عیراقە .. هەروەها دەبووت کە " بەریا " سیخووری عیراقە .." بابرۆف و بەریا " هەردوکیان لە سێدارە دران . بێ گومان بابرۆف دەمارگیری هەبوو سەبارەت بە ئازربێجان و ئێران . دەیوویست کوردستان ببێتە پارچەیەک لە ئازەربێجانی ئێران . بەلام مەلا مستەفا کەوتبووە نێوان بابرۆف و قازی محمدەوە و ئەم دەیوویست مەسەلەکە هێمن بکاتەوە، زۆری نەمابوو لێکدان لەنێوانیاندا پەیدا ببێت .
لەو ماوەیەش (ژ.ک) ی ئێران نیازیان هەبوو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابمەزرێنن . مەلا مستەفاش داوا کرابوو کە لەوێ ئامادە بێت . بەلام مەلا مستەفا دژی ڕەحیمی قازی بوو لەبەر ئەو نەچوو .

## ڕوونکردنەوە

خوێنەرانی بەڕێز
لەکاتی دووبارە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا نووری شاوەیسی نەمر و ئامادەکردنیان بۆ بڵاوکردنەوە، لە ژمارە (٣)ی ئەم گۆڤارەدا چەند هەڵەیەک ڕووی داوە لەنووسینی هەندێ لەناوەکان و گێڕانەوەو پێکەوە گرێدانی چەند ڕووداوێک..
داوای لێبووردن دەکەین و بەڵێن دەدەین لەکاتی ئامادەکردنیاندا بۆ لەچاپدان، لە شێوەی کتێبدا ئەو کەموکوڕیانە نەهێڵین .

لەساڵی ١٩٤٧ کۆنفرانسی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەسترا . پڕۆپاگەندەیەکی زۆریان بۆ کرد بە تایبەتی بە هۆی ئێزگەی ئازەربیجانەوە گوێمان لەو ئیزگەیە دەگرت دەبووت ( ئێرە ئێزگەی ئازربیجانە.. ئێرە ئیزگەی پارتی دیموکراتی کوردستانە ) .
لەو کاتە مەلا مستەفا و میرحاج و دکتۆر مراد هەموو لە مهاباد بوون .

٢ ـ مەلا مستەفا خۆی بۆ منی گێڕایەوە کەمیر حاجیش نیازی ئەوەی هەبوو بگەڕێتەوەو خۆی بدا بەدەستەوە ، ووتی : نەمتوانی ئەفسەرەکانی تر ڕازی بکەم کە نەڕۆنەوە ..مەولەوی زۆرم کرد بەلام دەستەلاتم نەبوو بە سەریان دا .. میر حاج لەگەڵماندا مابووەوە ،بەلام کەخاکی ئێراتمان بەجێهێشت و گەیشتینە سەر سنووری عیراق ،تەماشام کرد میرحاجیش لە هەورازێک دەچێتە خوارەوە بە تەنها ، ووتم میرحاج بوکوێ دەڕۆی ؟ ووتی منیش ئەچمەوەو خۆم تەسلیم ئەکەم ئەڕۆمەوە بۆلای هاوڕێ و برادەرەکانم . پێم ووت : کوڕە خۆت تەسلیم مەکە .. کوڕە ئیعدام دەکرێی .. لە ناو دەبرێی . لەگەڵ من بە ،مەڕۆ ،هەر سوودی نەبوو تەماشام کرد هەر ئەڕوات .. منیش نەڕاندم بەسەریا ووتم : وەرە ، ووتی : دەی چیت ئەوێ ، ووتم: من قائدی تۆم ،من جەنەرال بارزانیم ، خۆت وەرچەرخێنە بۆ پشتەوە وەرە بۆ ئێرە . ئەویش گەڕایەوەو باوەشمان بەیەکدا کرد و بەو جۆرە میرحاج لەگەڵ من مایەوە .. پێم ووت : ئەوەی لەگەڵ من بمێنێتەوە تووشی مردن و ڕووڕەشی نابێت ئێوەش لەبێ لەگەڵ من بمێننەوە " .
٣ ـ کۆن لە برایەتی بوو ،پاشان بووبوو بە (ژ.ک) .
٤ ـ ئەوکاتە کۆماری مەهاباد ڕووخا بوو ، پاشان ناوی "ژ.ک " ی ئێران بووبوو بە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ،عوسمان دانش ئەوکاتە لەوێ بووبوو بە مامۆستا .

پەراوێزەکان :-

١ ـ ئەوکاتەی کە ( لەشکری سوور ) کشانەوە لە خاکی ئێران هێرشی ئەرتەشی ئێرانی هات بۆ سەر کۆماری مەهاباد ناوچەکانی کوردستانی ئێران بۆمباباران کران ، (مالانۆف) کە وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیتی بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو مەسەلەیەی خستە ڕوو ،داوای دەکرد کە ئەو شەڕەی کوردستانی ئێران بووەستێ و کوردەکان مافی خۆیان بدرێتێ . بە جۆرێ کە ئۆتۆنۆمی وەربگرن و لە خاکی ئێران جیانەبنەوە . ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش لەو کاتەدا هەواڵی ئەو ڕووداوانەیان بڵاو دەکردەوە .

## لە ڕاپۆرتی سیاسیی پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە

# هێزە چینایەتییە بزوێنەرەکانی شۆڕش

هێزە بزوێنەرە سەرەکییەکانی شۆڕش بریتین لە بزووتنەوە ئازادیخوازی نیشتمانی گەلەکەمان، کە هەموو چینە نیشتمانییەکان دەگرێتەوە، یا بە واتایەکی تر هەموو ئەو ڕێبازانەی کە نوێنەرایەتی هەموو چینە نیشتمانییەکان دەکەن

بێجگە لە هێزەکانی شۆڕشی چەواشەش، ئەوا هەموو چینە نیشتمانییەکانی گەلی کوردمان لە کرێکاران و جوتیاران و بۆرژوای بچووک و نیشتمانی و ناوەنجی و بەشە ڕووناکبینەکانی خاوەنداران و سەرمایەداران بەرژەوەندی خۆیان لە گەیشتنی گەلەکەمان بە مافە ڕەواکانی دەبینن.

بەڵام پلەی بەشداری ئەم چینانە بەتایبەتی لەژێر سایەی ڕژێمی فاشیدا زۆر جیاوازن لەڕووی خوراگری و لێهاتوویی سەرکردایی کردنەوە.

ئەو ناقیکردنەوە تاڵانەش کە گەلەکەمان بە دەستیانەوە نالاندوویەتی دەریانخستووە کە ئەو سەرکردایەتییە تەقلیدیانەی پێکهاتوون لە خاوەندار و بۆرژوای ناوەنجی و ئەو توخمە بۆرژوا بچووکانەی کە هەڵوێست و دروشمە ڕامیاریەکانی ئەو دوو لایەنەی پێشتر هەڵدەگرنەوە، ئەمانە توانای سەرکردایەتی کردنی ئەم خەباتە سەخت و ئاڵۆز و درێژخایەنەیان نییە بەرەو سەرکەوتن، ئەوەش بەهۆی مۆرکی موحافیزانەیان و ڕاوەستانیان لە دژی هەر ڕاپەڕینێکی جەماوەری کە بەرژەوەندییەکانی جەماوەران دەربڕێت و ملی خۆی بە تەواوی بۆ چینە چەوساوەکان کەچ نەکات. هەروەها لەبەر ئەوەی مەیلێکی چینایەتیان هەیە بۆ بەیەکگەیشتن لەگەڵ کۆنەپەرستی ناوچەیی و هەرێمی و ئارەزووی مساوەمەکردنیشی هەیە لەگەڵ لایەنە ئیمپریالیەکان.

ووتە پەرش و بڵاوەکانیشیان کە دەورێکی هەیە لەناو شۆڕشدا، مەرج دادەنێت بۆ بەشداریکردنی جددیان لە خەباتدا، کە ئەویش پەیدابوونی بارودۆخێکی گونجاوە بۆ ئەو خەباتە. لەلایەکی تریشەوە ئەم چینە لە سەردەمی پووکانەوەی سەرمایەداری و سەرکەوتنی سۆشیالیزم لە بواری جیهانیدا، ئاسۆیەکی ڕووناکی نییە بۆ پەرەسەندنی مێژوویی و توانای نییە سەرکردایەتییەکی نیشتمانی خۆڕاگر ئامادە بکات بۆ شۆڕشی نیشتمانی دیموکراتی، لەناو ڕیزەکانیشیاندا گیانی خۆبەدەستەوەدان و چوونە ناو باوەشی دوژمنانی گەل و میللەتەکەمان هەیە، ئەوەش لە ئەنجامی بڕوانەکردن بە توانا و دەسپێشکەرییە شۆڕشگێڕییەکانی جەماوەرە چەوساوەکان، هەر لەبەر ئەوەش ناتوانێت مەرجەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەران بەشێوەیەکی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازانە ئامادە بکات کە پێویستیشە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و شکاندنی دوژمنان.

دەستگرتنی ئەم چینەش بەسەر سەرکردایەتی شۆڕش، ئەو شۆڕشە تووشی شکستهێنان و پاشکەز بوونەوە دەکات. بۆیە تەنها جێگری شۆڕشگێڕ ئەو سەرکردایەتییەیە کە نوێنەرایەتی جەماوەرە زەحمەتکێشەکان دەکات لە کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و کاسبکاران، بەو مەرجەی کە دەبێت جەکدار بێت بە بیری شۆڕشگێڕانەو ڕووی لە ئاسۆکانی سۆشیالیزم بێت.

# پرۆژەکانی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین

لەپەنجاکانەوە تا ئیمرۆ چەندەها پرۆژەی ئەمریکی هاتۆتە کایەوە بۆ دوزینەوەی رێگایە کە بتوانی چارەسەری کێشەی فەلەستین بکات، بەلام هەموو پرۆژەکان یەك بەدوای یەکا لە روانگەی پاراستنی (ئیسرائیل) و لەناوبردن و سەرکوت کردنی شۆرش فەلەستینەوە بەرەو پیری مەسەلەکە دەچن.. چونکە ئیسرائیل سەرمایەو داردەستی ئەمریکایە لەرۆژهەلاتی ناوەراستا.

لێرەدا بەخێرایی چاوێك بەو پرۆژانەدا دەخشێنین کە لە پرۆژەی ئیزەنهاوەرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە پرۆژەکەی ریگانکە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٨٢،لەکاتی هێرشە درندانەکەی "ئیسرائیل" بو سەر لوبنان، پێشکەشی کرد.

یەکەم:-

## پرۆژەی ئیزەنهاوەر/ ئابی/ ١٩٥٥

١ - چارەسەرکردنی گیروگرفتی سنوور لە نیوان عەرەب و "ئیسرائیل" و دانانی سنوریکی هەمیشەیی.

٢ - قەرزدان بە "ئیسرائیل" تابتوانی پارە بدات بە عەرەبە فەلەستینیە کوچپێکراوەکان لەبری ئەو زەوی و زارو خانو بەرانەی لە دەستیان داوە، بەشیکی ئەم قەرزەش بەکار بهینریت بو گەشەدان بە کشتوکالی ناوچەکە.

دووەم:-

## پرۆژەی جۆنسون/ حوزەیران/١٩٦٧

١ - مافی ژیان بە ئاشتی بوهەموو وولاتیك لە چوار چیوەی سنووری نیشتمانی خوی دا.

٢ - داد پەروەری بو پەنابەرە فەلەستینیەکان.

٣ - مافی هاتووچۆی دەریایی و زەمینی بو هەموو وولاتیك.

٤ - سنوور دانان بو پێشبرکێی خو پر چەك کردن لە ناوچەکەدا.

٥ - مسوگەر کردنی سەربەخوی ی رامیاری و یەکیتی هەریمی هەر وولاتیك.

سێهەم:-

## پرۆژەی نیکسۆن/کانونیەکەم/١٩٦٩

ئەم پرۆژەیە بەپرۆژەی رۆجەرز ناوبانگی دەرکرد، کە ئەوکاتە رۆجەرز وەزیری بەرگری نیکسۆن بوو.

١ - کشانەوەی(ئیسرائیل) لەو زەویانەی لە جەنگی /١٩٦٧ داگیری کردووە بەمەرجی ئەوەی وولاتە عەرەبیەکان پەیمانی ئاشتی لەگەلدا ببەستن.

٢ - بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەل میسر و پاش ئەو لەگەل ئەردەن.

چوارەم:-

## پرۆژەی یەکەمی جیمی کارتەر حوزەیرانی/١٩٧٧

١ - کشانەوەی"ئیسرائیل" لەو زەویانەی کە لە ١٩٦٧ داگیری کردووە.

٢ - دامەزراندنی وولاتیکی فەلەستینی لە بەرەی رۆژئاواو کەرتی غەزە.




سنوری ئێستای "ئیسرائیل"




سنوری "ئیسرائیل" ساڵی - ١٩٦٧ -




"ئیسرائیل" ساڵی - ١٩٤٩ -




فەلەستین لەکاتی ئینتدابی بەریتانی دا-١٩٢٢- ١٩٤٨.

پێنجەم :-

## پرۆژەی دووەمی جیمی کارتەر ئەیلوولی/١٩٧٧

کارتەر، سەروکی ئەمریکا ، مناحیم بیگن و ئەنوەر ساداتی بانگ کرد بۆ وولاتە یەکگرتووەکان، بو پێك هاتن ، لەئەنجاما بوو بە هوی سەرهەلدانی ریکەوتننامەکانی کامب - دیڤید و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لە نێوان ( میسرو ئیسرائیل) و بریاردان بو چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین بەدانان بە مافی ئوتونومی دا بو فەلەستینیەکانی بەرەی رۆژ ئاواو کەرتی غەزە .



کامپ دێڤید

شەشەم :-

## پرۆژەی ریگان / ئەیلوولی/١٩٨٢

١ - راگرتنی کاری نیشتەجێکردنی " ئیسرائیلی" لەبەرەی رۆژ ئاواو کەرتی غەزە .
٢ - هەلبژاردنێکی ئازاد بکریت بو دامەزرانی وولاتیکی فەلەستینی خاوەن مافی ئوتونومی لە زەویە داگیر کراوەکانا .
٣ - لەماوەی پێنج سال دا بەریگای ئاشتیانە دەستەلات لە حکوومەتی" ئیسرائیل" ەوە بو دانیشتووە فەلەستینیەکانی بەرەی رۆژ ئاواو کەرتی غەزە بگویزریتەوە .
٤ - باری زەویە داگیر کراوەکانی فەلەستین بە هاوبەشی لەگەل ئەردەن بریاری لە سەر دەدریت .
٥ - ریککەوتن لە سەر ( قدس ) و هیشتنەوەی بە یەکگرتوویی .

ئەوەی شایانی باس بیت پرۆژەکانی پێشوو توانای چارەسەر کردنی کیشەکەیان نەبوو ئەوە نەبیت کە زیاتر ئالوز یان کرد و ئیستا هیچ کام لەو پرۆژانە بەزیندوویی نەماون جگە لە ریکەوتننامەکانی کامب - دیڤید نەبی لەنیوان رژێمی میسرو قەوارەی زایونی دا ، لەگەل پروژەکەی ریگان کە وولاتە عەرەبیە کونەپەرستەکان بەئاواتی سەرکەوتنیەوەن .

ئاشکرایە کە ئەم پروژەیەش وەك هەمووئەو پرۆژە نەرۆکانەی پێش خۆی بەرژەوەندی " ئیسرائیل " دەخاتە پێش هەموو شتیکەوەو تەنها لەو روانگەیەوە دەروانێتە کێشەکە .

# داستانەکەی "قودس"

رۆژی ١٩٨٤/٤/٢ چەند هەڤالێك لە بەرەی دیموکراتی بۆ ئازادکردنی فەلەستین توانییان لەناو خاکی فەلەستینی داگیر کراودا و لەناوجەرگەی شاری "قودس" کارێکی قارەمانانە بنوێنن و بۆ جیهانی بسەلمێنن کە گەلی فەلەستین و شۆرشە دلێرەکەی بەردەوامە و هەروەها ئەوەش بسەلمێنن کە تەنها ریبازەکەی چەپی فەلەستینی رێبازی پاراستنی یەکێتی خاك و گەلو شۆرشە .



پالەوانی شەهید (ئەبورەبیع)

ئەو کارە شۆرشگێرانەیەش بەم شیوەیە بوو :- کاتژمێری دەی بەیانی ئەو رۆژە مەفرەزەیەك هێرشێکی سەرکەوتوو دەکەنە سەر وەزارەتی گەشت و گەران و دەست دەگرن بەسەر وەزارەتەکەو فەرمانبەرەکانی ناو وەزارەتەکە ، فەرماندەی ئەو مەفرەزەیە بروسکەیەك لێ دەدات بۆ سەرکردایەتی ئیسرائیلی کە تیایداداوا دەکات بۆ بەردانی کۆمەلێك لەو فەلەستینی و جوولەکە پێشکەوتنخوازانەی کە لە زیندانەکانی ئیسرائیل دا گیراون بەرامبەر بە بەردانی دەست بەسەرانی ناو وەزارەتەکە . بەلام حکوومەتی ئیسرائیل ریگای خوێن رشتنی هەلبژاردوو سوپای ئیسرائیلی لە هەموو لایەکەوە هێرشی کردە سەر ئەو جێگایە ، پێشمەرگەکانی بەرەی دیموکراتی چاو نەترسانە لێیان هاتنە دەست و دوای شەرێکی ئازایانە توانییان زیاتر لە (٥٠) ئیسرائیلی بکوژن و بریندار بکەن . زیانی بەرەی دیموکراتیش شەهیدبوونی فەرماندەی مەفرەزەکە " مولازم ئەبو رەبیع" بوو لەگەل بریندار بوون و بەدیل گرتنی دوو هەڤالەکەی بوو.

# ئیمپریالیزمی جیهانی

## ناتوانێت چۆك بە گەلی نیكاراگوا دابدات

كەس نیە سەركەوتنە پرشنگدارەكانی گەلی نیكاراگوای لە یاد نەبێت بەسەر بنەماڵەی "سۆمۆزا"كە كە بەهێزترین و كۆنترین وبۆگەنترین ڕژێمی دیكتاتۆری بوو لە ئەمەریكای لاتین و بەكرێگیراوی یەكەمی پەنتاگۆنی ئەمەریكی بوو لە ناوچەكەدا ئەوەشمان لە یادە كە چۆن وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەموو شێوەیەك و هەموو ڕێگایەكی بەكار هێنا بۆ بەهێزكردن و مانەوەی بنەماڵەی سۆمۆزا لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی‌كردن و هەروەها لە پشتگیری‌كردنی بۆ بەكارهێنانی هەموو جۆرە چەكێك بە دڕندەترین شێوە بۆ سەركوتكردنی شۆڕشەكەی گەلی نیكاراگوا ، بەڵام هێزەكانی شۆڕشی گەل بەسەركردایە -تی بەرەی ساندنیستا واتای كشانەوەیان نەدەزانیو كەوتنە ڕزگاركردنی گوند لە دوای گوند و شار لە دوای شار و هەتا مەناگوای پایتەخت و وولات كەوتە بەر دەستی هێزەكانی گەل و حكوومەتی‌دیكتاتۆریەتو كۆنەپەرستی ڕووخا و یەكەم حكوومەتی كرێكاران و جوتیاران دامەزرێنرا .بەڵام ئایا ئیمپریالیزمی ئەمریكا بەوە وازی هێنا ..؟ بێگومان نە ، جونكە لەو ڕۆژەوەی گەلی نیكاراگوا ڕێگای ئاوەدانكردنەوەی وولات و سەربەخۆیی ئابووری و پشتگیری‌كردنی خەباتی شۆڕشگێڕانی ئەمریكای لاتینی گرتۆتە بەر وكە ئەوەش ناكۆك دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندیەكانی ئیمپریالیزم و ڕژێمە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە ئەوانە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن دەسكەوتەكانی گەلی نیكاراگوا برمێنن و حكوومەتە شۆڕشگێڕەكەی بڕووخێنن، ئەم هەوڵ و تەقلایانەش زۆر و جۆراوجۆرن هەر لە ئامادەكردن و ناردنی هێزەكانی جەواشەی دژ بە شۆڕش بۆ ناو خاكی نیكاراگوا لە ڕێگای هندوراس و كۆستاریكا هەتا سازكردنی مناوەرەی سەر- بازی ئەمریكایی‌هندوراسی هاوبەش بەرامبەر بە سنوورەكانی ئەو وولاتە و هەوڵی گەماڕۆدانی ئەم وولاتە .

دوا هەنگاو كە وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ناویەتی و بەردەوامە لەسەری لەغەم‌كردنی ئاوی دەریای نزیك كەنارەكانی نیكاراگوا بە نیازی گەماڕۆدانی دەریایی ئەم وولاتە لە دوای گەماڕۆدانی ووشكایی كە ئەوەش دەبێتە هۆی گەیاندنی زیانێكی گەورە لێی. ئەم هەنگاوە تاوانكاریانەی وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كە خۆهەڵقورتاندنێكی ڕاستەوخۆیە لە كاروباری وولاتان و گەلان، بووە هۆی نارەزایی هەموو هێزە ئاشتیخواز و پێشكەوتنخواز وخێر خوازەكانی جیهان و تەنانەت هەندێك لە هاوپەیمانە- كانی ئەمریكا خۆی و هەندێكیش لە ئەندامە گرنگەكانی دەوڵەتی وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا خۆی .

دەربارەی ئەم ڕەفتارە ناڕەوایەی ئەمریكا ڕۆژنامەی "برافدا"ی پارتی كۆمۆنیستی سۆفێتی نووسیویەتی: كاتێك كە وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەستدەخاتە ناو كاروباری وولاتێكی‌سەربەخۆ و هەموو جۆرە هەڕەشەیەك و پالەپەستۆیەكی‌سەربازی بەكاردەهێنێت بەرامبەری،بریتیە لەخۆگێلكردنێكی تەواو لە یاسای جیهانی و لە ساكارترین مەبدەئەكانی





ڕەفتار و ڕەوشت و هەروەها مافی تەواوی داوە بە خۆی بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و هەموو جۆرە تاوانکردنێک لە ئەمریکای ناوەڕاست. هەروەها ڕۆژنامەی پراڤدا کردەوەکانی لەغمنانەوەی تاوانبار کرد کە دامودەزگاکەی ریگان پێی هەڵدەستێت لە کەشتیگەکانی (موانیئ) نیکاراگوا کە دەبێتە هۆی تێکدانی باری کەشتیوانی لە کەنارەکانی ئەم وڵاتە و زیانی هاووڵاتیە بێتاوانەکانی دەخاتە مەترسیەوە و زیان بە ئابووریەکەی دەگەیەنێت.



ریگن

لە لایەکی تریشەوە یەکێک لە لێپرساوانی باڵوێزخانەی بەریتانیایی لە واشنتون نارەزایی دەوڵەتەکەی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە کردەوەی لوغمنانەوە لە کەنارەکانی نیکاراگوا لەلایەن دامودەزگاکەی ریگان.

لەناو دەزگا باڵاکانی ئەمریکا خۆشی سیناتۆر "دانیال مۆنهاین" وازلەکارهێنانی خۆی ئاشکراکرد لە سەرۆکایەتیکردنی کۆمیتەی موخابەراتی سەر بە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکی کاتێک کە ووتی: ئەم وازلەکارهێنانەم چاکترین رێگایە بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆم بەرامبەر لەغمنانەوەی وڵاتەکەم لە کەنارەکانی نیکاراگوا. هەروەها سیناتۆرێکی تر کە ناوی "مایکل بارنس" و کە سەرۆکی کەمایەتیەلەناو کۆنگرسی ئەمەریکایی، نارەزایی خۆی بەرامبەر بەو کارە دەربڕی و ووتی: ئەوە کارێکی تیرۆرستانەیە.

ئەم کردەوە دوژمنکاریەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە نیکاراگوا هەمان کردەوەمان دەخاتەوە یاد کە ئەمەریکا کردی بەرامبەر بە کوبا بەنیازی گەمارۆدانی و خنکاندنی شۆڕشەکەی. جا ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانی چۆک بە گەلی کوبا دابدات و شۆڕشەکەی بخنکێنێت......؟ بێگومان هەمان وەڵام نیکاراگواش دەگرێتەوە، چونکە یەکێتی و پتەوی گەلی نیکاراگوای دلێر وکوبوونەوە-یان لە دەوری حکومەتە شۆڕشگێڕەکەیان و بڕوای بەهێزیان پێی تەنها زامنە بۆ تەفاندنەوەی هەموو لەغمەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بە رووی‌خۆیان و ڕاونانی هێزە بەکرێگیراوەکانی شۆڕشی چەواشە و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەل. لەهەمان کاتیشدا گەلی نیکاراگوا پێویستی بە پشتگیری و یارمەتی ماددی و مەعنەوی و تەکنیکی هەیە لەلایەن هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز و ئاشتیخوازە-کانی جیهان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی هاوبەشکە ئەویش ئیمپریالیزم وهاوپەیمانەکانیەتی.

# هێرشی پەنتاگۆن بۆسەر نیکاراگوا

شەوی ٦/ نیسانی/ ١٩٨٤، دانیال ئۆرتیگا ئەندامی سەرکردایەتی بەرەی ساندینی نیکاراگوا ڕایگەیاند کە پتر لە (١١) یانزە هەزار بەکرێ گیراووچەتەی (سی. ئای. ئەی) لەم ماوەیەی دواییدا هێرشیان کردۆتە سەر خاکی نیکاراگوا..

هەروەها ووتوویەتی کە ئیستا گەلی نیکاراگوا ڕووبەرووی گەورەترین هێرش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێتەوە

حکوومەتی نیشتمانی نیکاراگوا بە سەرکردایەتی بەرەی ساندینی و بە پشتیوانی گەلی خەباتگێڕی نیکاراگوا بەتوندی ئەو هێرشەیان شکاندەوە کە پاش چەند ڕۆژێک ژمارەیان گەیشتبوە (١٥) پانزە هەزارچاش و چەتەی سوموزای بەکری گیراوی ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئەم شۆڕشە چەواشەیەی سوموزاش سنووری هندوراس و کۆستاریکا بەکاردەهێنی بۆ ئاژاوە نانەوەلەناو نیکاراگوادا.

ڕێکەوتنی ئەم هێرشە و هەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە لوغم نانەوەلە بەندەرەکانی نیکاراگوادا لە یەک کاتا دوونیشانەی مەزنن بۆ ئاشکراکردنی



یەکێک لەچەتەکانی سۆموزا

ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی نیکاراگوا و وڵاتەکانی تری ناوچەی دەریای کاریبی.

گەلی نیکاراگوا بەوبەڕی ئازایەتی و شۆڕشگێڕیتی بەوە بەرگری لە خاک و شۆڕشەکەیان دەکەن و توانیویانە ئەو چەتەو بەکرێ گیراوانە ڕاوبنێن و لەخاکی نیکاراگوا دەریان بکەن.

# چەوساندنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەژێر سایەی فاشیزم لە عێراق دا

نووسینی **س.ع**

لەزۆر کۆنەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ، مەسەلەی مافە ڕۆشنبیریەکانی کورد لە عیراق بەستراوە بە خەباتی گەلی کوردو هەڵویستی حکوومەتەکانی عیراق دەربارەی کێشە نەتەوایەتیەکان و سەربەستیە دیموکراتیبەکان .

لە ڕاپۆرتێکی لیژنەی ( عصبة الامم ) کە ڕاوەرگرتنێکی جەماوەری کردووە لە کوردستان دا دەربارەی ڕای ڕۆڵەکانی ویلایەتی موصڵ ( کوردستانی خواروو ) بۆ چوونە ریزی عیراق یان تورکیا ، لیژنەکە ڕایگەیاند کە سەرانسەری ڕۆڵەکانی ئەم ویلایەتە دەیانەوێت بچنە ڕیزی عیراقەوە نەك تورکیا ، بەو مەرجەی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ بدرێتە دەست خۆیان و خوێندن لە قوتابخانەکان دا و موحاکمەکردن و چەندەها شتی تر بە زمانی کوردی بێت (١)

بڕیاری ( عصبة ) دەربارەی لکاندنی کوردستان بە عیراقەوە مەرجێکی تیدابوو بۆ ووڵاتی ( ئینتداب کەر ) واتە بەریتانیا کە ببێ بە بەر پرسیار بۆ هێنانەدی ئەم ئاواتە ڕەوایانەی گەلی کورد . بەریتانیا بەردەوام بوو لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە دەربارەی جێ بەجێ کردنی بە کوردی خوێندن لە قوتابخانەکان دا تا دوایی پێ هاتنی ئینتداب .

شایانی باسە کە ئەم شتانە هەمووی لە سەر دەمی شورشی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید ئەنجام دران . هەروەها بریارەکانی هەردوو کۆنگرەی سیڤەر و لۆزان هێشتا لە یاد نە چووبوون .

لە دوای شۆرشی ١٤/ گەلاوێژی نیشتمانی دیموکراتی و گەشەکردنی بارو دۆخی برایەتی کورد و عەرەب بەرێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ خوێندنی زمانی کوردی دامەزرا لە وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن و بەشێکی کوردی کرایەوە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کە تیایدا دەرچووان بڕوانامەی بەکالۆریس ی زمان و ئەدەبی کوردیان وەردەگرت .

ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتننامەی ١١ ئازار ،دوای نۆ ساڵی بەردەوام لە خەباتی چەکدارانەی گەلەکەمان ، لە نێوان حکوومەتی عیراقو سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دا مۆر کرا ، کە

دیموکراتی و نیشتمانی بە عیراقی و هێزە پێشکەوتنخوازە جیهانیەکان پشتگیریان لێ کرد ، بە هۆی ئەم ڕێکەوتننامەیەوە کە نەك تەنها بریتی بوو لە مافی ئۆتۆنۆمی بەڵکو چەند بەندێکی تری تێدا بوو دەربارەی جێ بەجێ کردنی مافە ڕۆشنبیریەکانی گەلی کورد .

هەروەها لە بارو دۆخی کۆبوونەوەی بێ هاوتای جەماوەریی نێوان کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانی گەلی عیراق لە دەووری ئەو ڕێکەوتننامەیە و بەرزبوونەوەی پلەو پایەی شۆڕشی کورد لە هەموو روویەکەوە و خۆ تەرخان کردنی چەند نوێنەرێکی لێ هاتووی شۆرش بۆ چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکەو فرە لایەنی لەناو ڕژێمی دەستەڵاتدار دا ، سەرکردەکانی ڕژێمی ناچار کرد بۆ پەسەند کردنی جێ بەجێ کردنی زوربەی بەندە ڕۆشنبیریەکانی ناو ڕێکەوتننامەکە .

وەزارەتی کارووباری ژوورو کە ئەرکی هێنانەدی خوێندنی کوردی و دروستکردنی قوتابخانەو دامەزراوە ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیە کوردیە کانی گرتە ئەستۆ ، دەورێکی گەورەی بینی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بەندە ڕۆشنبیریا- نە ، بە جۆرێك کە (٦٠٠) قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەکوردستان درووست کردو بەکوردی خوێندنی لە زوربەی زۆری ناوچە کوردیەکاندا جێ بەجێ کرد ، ئەم قوتابخانانە دوورترین ناوچە کوردیەکانی گرتەوە ، وەك ناوچەکانی شەنگارو خانەقین و مەندەلی .. هەروەك بە کوردی خوێندنی قۆناغی ناوەندی لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر و هەندێ لە قوتابخانەکانی پارێزگای کەرکوك و خانەقین جێ بەجێ کرا .

هەروەها خوێندنی کوردی لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر و خانەی مامۆستایانی دهۆك جێ بەجێ کرا .

سەرەڕای ئەوەش وانەیەك بۆ زمانو ئەدەبی کوردی خرایە ناو بەرنامەی خوێندنیقوتابخانە ناوەندیەکانی تری کوردستان . ئەم پەرۆشیە بۆ خوێندنی کوردی زیاتر پەرەی سەندو یەك دوو وانە دەربارەی زمانی کوردی خرایە ناو بەرنامەی هەندێ پۆلی قوتابخانە عەرەبیەکانەوە لە سەر ئاستی هەموو عیراق .

هەروەها بەرێوە بەرایەتی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی کاروباری ژوورو سەربەرشتی وەرگێڕان و دانانی نزیکەی ( ١٥٠ ) کتێبی خوێندنی کرد لەم ماوەیەدا .

لەلایەکی تریشەوە زانکۆی سلێمانی ،کە ماوەیەکی کەم بوو دامەزرابوو ،بەرەو پێشەوە چوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی ، پاش ئەوەش کۆری زانیاری کورد دامەزرێنرا ،کەدەورێکی باش بینی بۆ بژاردن و داهێنانی زاراوەکان

و هاندانی لێکولینەوە زمانەوانییەکان و چەندەها شتی تر بۆ خزمەتکردنی یەکگرتنی زمانی کوردی ، هەروەها یەکێتی نووسەرانی کورد کە گەشەی کردو دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی و کۆمەڵەی رۆشنبیری

کوردی دامەزرێنرا ،گومانیش لەوەدا نیە کە کەس نکۆڵی لەو رۆڵە مەزنە ناکات کە رۆژنامەی ( التآخي) و برایەتی دەیانبینی دەربارەی دروستکردنی باری دیموکراتی و یارمەتی دانی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی رۆشنبیرەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ، هەروەها چەند گۆڤارو رۆژنامەی کوردی دەرچوون و یارمەتی دانان و وەرگێڕانی کتێب دەدرا بۆ سەر زمانی کوردی ،بەتایبەتی ئەو کتێبانەی تایبەت بوون بە کاروباری کورد . جەند کتێبخانەیەک دامەزرێنرابوو هەروەها کتێب و دەست نووسە کوردیەکان، تیپەکانی شانۆگەری و فۆلکلۆری و مۆسیقای کوردی زمارەیان زیاتر بوو .

مرۆڤ دەتوانێت بڵێ ماوەی نێوان ١٩٧٠ – ١٩٧٤ گەشە کردنێکی بێ هاوتای دی بەخۆیەوە لە مێژووی نوێ ی عیراق دا بۆ رۆشنبیری و زیندوو کردنەوەی کەلەپووری کوردی ،سەرەرای ئەو بارو دۆخە شۆڤینی یەی کە رژێم بۆ تاکە رۆژێک دەست بەرداری نەبووە .

لەم ووتارە کورتەدا تەنها دەتوانین پەنجە بۆ گەورەترین دەستکەوتەکانی ئەو ماوەیە راکێشین و بڵێین کە رۆشنبیرە نیشتمانیەروەرو دیموکراتی خوازەکان توانایەکی زۆریان خستە کار بۆ هێنانەدی ئەم دەستکەوتانە .

نەبوونی باری دیموکراتی رەسەنی عیراقی بووبوو بە مایەی مانەوەی کەم و کورِی لەم گەشەکردنانەدا ،کە رژێمی شۆڤێنی دەستەڵات ـ دار دوژمنایەتی دەکردو لێی دەترساوسڵی لێ دەکردەوە .

هەر بە راگەیاندنی جەنگ دژی گەلی کورد رژێمی دیکتاتوری شۆڤینی هەستا بە لە ناو بردنی وەزارەتی کاروباری ژووروو کە بوو بوو بە رەمز بۆ مافە کوردیەکان و یارمەتی دانی زۆر لایەنی ژیانی رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان .

بەوەش وازی نەهێنا کە وەزارەتەکەی لە ناو برد و بەرێوەبەرایەتیەکانی دابەشکرد بەسەر وەزارەتەکانی تردا ، نەک هەر ئەوە ، بەڵکو ناوەرۆکی ئەم بەرێوەبەرایەتیانەی تێک داو لە کاری خستن و تەنها هەر وەک روو کەش مانەوە یاخوود لە بنەرەتا هەڵیتەکاندن وەک ( هيئة اعمار الشمال )، بەم شێوەیە دەستەڵاتدارێتی دیکتاتوریی رەگەز پەرستی چاوەرێ ی نەکرد تا ئەنجامی جەنگ ئاشکرا ببێت ، داخی خۆی رشت بە یەکێ لە گرنگترین دەستکەوتە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی خەباتی گەلی کورد کە بەپێ ی بەیاننامەی ٢٩/ حوزەیرانی / ١٩٦٦ دامەزرێنرابوو هەروەها بەیاننامەی ١١/ ئازاریش پتەوکردن و بە هێز کردنی رۆڵی ئەم دەستکەوتەی دوو پات کردبۆوەوە ، کە بەرەو پێشەوە چووبوو گەشە کردنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤ .

دوا بەدوای رێکەوتننامە خیانەتکاریەکەی ٦/ ئازاری/ ١٩٧٥ لە نێوان صدام حسین وشای ئێران لەژێر باڵی ئەمریکادا ، جلەوی رق و کینەی رەش شۆڤێنیزمی بەتەواوی بەرەڵلا

بوو لە دژی کوردستان و رۆڵەکانی کوردستان و مافەکانیان ، هەروەها ماف و دەستکەوتە رۆشنبیریە کوردیەکان و دامەزراوەکانی کەلەپووری نەتەوەی کورد بەدوور نەبوون لەم هێرشە درندانەیە ، بەڵکو کەم کردنەوەیان و پووچ کردنەوەی ناوەرۆکەکانیان و کرمۆڵ کردن و لەناو بردنی ئامانجێکی سەرەکی ئەم هێرشە درندانەیە بوو کە لە بنەرەتدا ـ دەگونجا لە گەڵ سروشتی رژێمی فاشیزمیدا کە وای حساب دەکرد نەک بەسەر سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا سەر کەوتووە ، بەڵکو سەرکەوتووە بە سەر سەرتاپای گەلی کورد دا سەرەرای ئەوەش ووبستی کە ئەم گەلە بەش خوراوە نرخی خیانەتکاریە نیشتمانیەکەی رژێم بدەن ، ئەوە بوو راستەو خۆ دوابەدوای ٦/ ئازار سەدەها رۆشنبیری کوردی بە سەر زیندان و گرتووخانەکان دا یاخوود بە بیابانەکانی باشووردا پەرش و بڵاو کردەوە .

زانکۆی سلێمانی کە گەلی کورد دەیوویست ببێتە مەڵبەندێک بۆ گەشەکردنی رۆشنبیری و کەلەپووری نیشتمانی و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کوردستان لێ ی بێ بەری بووەو کە سوودیش دەگەیەنێت بە هەموو کۆمەڵگای عیراق بە تایبەتی کە لە پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی دا پێشکەوتنی هەستپێکراوی بە خۆیەوە دی بە هۆی ئەو بارەوە کە پەنجەمان بۆ راکێشاو بەهۆی بەرۆشی ئەوانەوە کە کاریان تێدا دەکرد لە مامۆستایان و فەرمانبەران و هەروەها سەرپەرشتی کردنی لە لایەن شۆڕشی کوردەوە ـ چ بە شێوەیەکی راستەو خۆ یا ناراستەوخۆ .

ئەم زانکۆیە بوو بە ئامانجێکی تر بۆ ئەو درندە شۆڤێنیەی جلەوی بەرەڵا بوو بوو، بە جورێک کە زوربەی مامۆستا و بەرێوەبەرەکا ـ نی گوێزرانەوە بۆ شوێنی ترو پیاو و چڵکاو خۆرەکانی خۆی هێنایە شوێنیان سەرە ـ رای باری رەش شۆڤێنی، زانکۆ توانی زۆر لە ئەرکەکانی سەر شانی بەجێ بهێنێ و بەردەوام بوو لە دەور گێرانی خۆی وەک ـ مەڵبەندی بەیەک گەیشتنی لاوانی پێشکەوتن خوازی کورد و عەرەب بە هۆی دڵگەرمی و بە پەرۆشی دانیشتووانی شاری سلێمانی نەبەز کە هەرگیز ، بەدرێژایی مێژوو تەنانەت دوای رێکەوتننامە رەشەکەی ٦/ ئازاریش مل کەچی و کڕنووش بردنی بە خۆیەوە نەدیبووە ،کە ئەمەش دلی دیکتاتوری رەگەز پەرست پەست دەکات ، بۆیە بریاری دا ناوی زانکۆی سلێمانی بکرێت بە زانکۆی صلاح الدين و بە شێوەیەکی کاتی بگوێزرێتەوە بۆ هەولێر بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە خۆ ئامادە کردنێک هەبێ لەو شوێنە نوێیە بۆ ئەوەی باش ماوەیەک ، هەروەک لایەنەکانی ناو دەستەڵاتداری خۆیان پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن ، بگوێزرێتەوە بۆ تکریت .

کۆلێژەکانی زانکۆ و بەرێوەبەرایەتیەکانی لە هەولێر دابەش کران بەسەر قوتابخانە

ناوەندی و سەرەتاییەکان دا ، بەخێرایی نرخی کرێ خانوو بەرز بۆوەوە ، لە ئەنجامی گواستنەوەی کتوپڕی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستا

و کادرو فەرمانبەران و خوێندکاران بەیەکجار بۆ هەولێر ، مامۆستا و پرۆفیسۆرەکان ناچار بوون لەبەر بێ جێگایی لە ژووری ئوتێل و میوانخانەکان دا بژین کە زۆر دوورن لە بارو دۆخی پێویستەوە بۆ نووسین و لیکۆڵینەوە و خۆ ئامادە کردن بۆ وانە ووتنەوە لە زانکۆ دا . ژمارەیەکی زۆریش لە خوێنکارانو مامۆستایان زانکۆیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە شوێنەکانی تر ، پاش ئەوەی بۆیان ڕوون بۆوەوە کە دەستەلاتداریتی مەبەستی لەم کردارە تیکدانی ئەم دامەزراوە زانستی و شارستانێتیەیە . زوربەی فەرمانبەرانی زانکۆش ناچار بوون بۆ مانەوە لە هەولێر لەکاتێك دا کە خێزانەکانیان لە سلێمانی مابوونەوە .

بیانووی ڕژێم بۆ گواستنەوەی زانکۆ چالاکیەکانی پێشمەرگە بوو لە شاری سلێمانی کە سزای ڕەوایان دابوو بەسەر هەندێ لە جەلادە چڵکاو خۆرەکانی ڕژێم ، ئەو چڵکاو خۆرانەی کە ئازارێکی زۆری دانیشتوانیان دابوو .

گەر ئەمە وێنەی بەسەر هاتی زانکۆی سلێمانی بێ لە ژێر سایەی هێرشە دڕندانە سەرانسەرییەکەی دیکتاتوری دا ، ئەوا شاری سلیمانیش بەدوور نەبووە لەم ڕق و کینە ڕەشەی کە دەروونی زۆردارەکانی هەڵکۆڵیوە . دەستەڵاتداریتی لە ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٨١ بریارێکی دەرکرد دەربارەی گواستنەوەی دانیشتووانی شاری سلێمانی بۆ خوارووی عیراق و ڕووخاندنی (١٧) حەڤدە هەزار خانوو لە شارەکەدا وەك یەکەم قۆناغ بەبیانووی نوێ کردنەوەی نەخشەکێشانی شار لە کاتێك دا کە زووربەی ئەو خانووانە نوێ یە یا نوێ کراونەتەوە ، دانیشتووانی شارەکە بۆیان ئاشکرا بوو کە ڕژێم دەیەوێت مەڵبەندی پاریزگا بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی تر ، کەلە بناغەدا ئەم شارە وەك پایتەختی میرنشینی بابان بنیات نراوە ، لە سەردەمی بە هێزی و بە توانایی ئەو میر نشینەدا . بەڵام باری نالەباری ڕژێم بە هۆی جەنگی ئێرانوعیراق ـ ڕژێمی ناچار کرد بۆ دواخستنی جێ بەجێ کردنی ئەم کارە تاوانکاریە .

خوێندنی کوردیش کە تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی جێ بەجێ کرا بە هەوڵ و خۆماندوو کردنی نەك تەنها سەدەها دانەر و وەرگێڕ بەڵکو هەزاران مامۆستاش بەشداری ئەم ئەرکە بوون .

ئەم لایەنەش ئامانجێکی سەرەکی هێرشە دڕندانەکەی ڕژێم بوو ، بەزۆر کەس و کاری قوتابیانی هان دا بۆ سکالانامە نووسین و داواکردنی گۆڕینی خوێندن لە کوردی یەوە بۆ عەرەبی . هەروەك چۆن پشتگیری هەموو ڕەوتە پاشکەوتووەکانی دەکرد بو زیانگەیاندن بە زمانی یەکگرتووی قوتابخانەکان . بەڵام ئەمە سوودێکی نەبوو ، بۆیە ئیتر پەنای بردە بەر بڕیار دەرکردن ، کە ئەمە ڕێبازی ئەو ڕژێمەیەو یاسای حوکم کردن و مانەوەیەتی

بڕیارەکان بریتی بوون لە گۆڕینی بەرنامەکان و کتێبەکان و لابردنی زاراوە زانستیەکان کە بە لاتینی بوون بە بیانووی گۆڕینیان بۆ زاراوەی عەرەبی و پاش ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری خوێندنی کوردی لە ناوچەکانی کەرکوك و دهۆك و نەینەواو خانەقین، بەڵام ئەمەش ئاگری ڕق و کینەی شۆڤینی دانەمرکان و تینوێتی نەشکاند ، ئینجا پەنای بردە بەر لابردنی گرنگترین ئەو وانانەی پەیوەندیان بەزمان و ئەدەبی کوردی یەوە هەیە تا وای لێ هات بەرنامە کوردیەکان تەنها چەند وانەیەکی زانستی تێدا ماوە ، ئەوەش پاش لە ناوبردنی هەموو مەڵبەندەکانی بژارکردن و داهێنانی زاراوە زانستیەکان وەك کۆڕی زانیاری و زانکۆی سلێمانی . ئەو وانانەش کەووتنەوەیان بەزمانی کوردی ئاسانە وەك مێژوو ،جوگرافیا، کۆمەڵایەتی لە گەڵ چەند وانەیەکی تر ئێستا بەعەرەبی دەخوێندرێن . وانەی مێژووی گەلی کوردیش بە تەواوی لە بەرنامەی قوتابخانەکان دا سڕاوەتەوە ، ئەمە هەمووی بە نیازی دابڕینی قوتابیانی کورد لە کەلەپورو مێژوو و زمان و ڕۆشنبیری نیشتمانی خۆی و ڕێگا نەدان بە پەروەردە کردنی خۆی بەهۆی ئەمانە . تەنانەت ئەم بەرنامە کوردییە لاوازەش تەنها لە قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر دەخوێندرێن ، کە ئەوانیش پڕ کراون لەو مامۆستایانەی کە کورد نین و بە زۆر گوێزراونەتەوە بۆ ئەو ناوچانە بە نیازی پەرەدان بە کۆسپ و تەگەرەو ئاژاوە دژی ئەو پاشماوەیەی ماوە لە خوێندن بە زمانی کوردی.

بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا کە ڕەمزێك بوو بۆ پاشماوەی دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە شۆڕشی ١٤/گەلاوێژ ئەویش شوێنێکی تر بوو بۆ دامرکانەوەی ڕق و کینەی شۆڤێنی . لە دوای ڕێکەوتنامە بەدناوەکەی ٦/ئازار ،ژمارەی وەرگرتنی خوێندکار لەو کۆلێژەدا لە (٤٠٠)خوێندکار هاتە خوارەوە بۆ ژمارەیەکی زۆر کەم . دەرچوانی ئەم کۆلێژە بێ بەری کراون لە تەواوکردنی خوێندن وچونە دەرەوەی وولات بۆ خوێندن.

ئەم بەشە کوردیەومامۆستاوخوێندکارەکانی بەردەوام یا دژایەتی دەکرێن یا پشت گوێ دەخرێن، ئەم بەشە بووە بە ڕەمز بۆ بەسووك تەماشاکردنی نەتەوەی کورد لەبری ئەوەی ڕەمز بێ بۆ مافە نەتەوایەتییەکان،هەندێ لە مامۆستایانی ئەم بەشەش بەبێ هیچ هۆیەك خانەنشین کران و تەنها سێ مامۆستای تیا ماوە ،بڕیاریش دراوە بۆ گواستنەوەی ئەو ماموستا و خوێندکارانەی لەبەشەکەدا ماون بۆ بەشی کوردی سەر بە کولێژی پەروەردە کە تایبەتە بە وەرگرتنی خوێندکاری عەرەب کە هیچ لە زمانی کوردی نازانن ، بەم شێوەیە بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب و زانکۆی بەغداد لە ناوبرا ، کەلەڕوری دامەزراندنیەوە دوا بەدوای شۆڕشی ١٤/ گەلاوێژ بوو بە مایەی ڕق و کینە لە دڵی ڕەش شۆڤێنزمو کۆنەپەرستەکان دا.

هەروەها کۆڕی زانیاری کورد کەلێنێکی گەورەو مەزنی پڕ کردەوە لە ڕۆشنبیری کوردی و فێر بوونی زمانی کوردی دا ، چونکە هیچ

دامەزراوەیەکی تر نەبوو کە سەرپەرشتی زمانی کوردی بکاو پەرەی پێ بدات و پەرەپێدانی بۆ دابین کات: ئامانجی داهێنان و بژار کردنی زاراوە پێویستەکان و چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکانی تری زمانی کوردی ، ئەو زمانەی وەک میللەتەکەمان لە چەوساندنەوەدایە .

ئەندامانی کۆڕی زانیاری کوردی لەلایەن نوێنەرانی شۆڕشی کوردەوە لە بەغداد لە لێهاتووترین زمانەوان و ئەدیبانی کورد هەڵبژێردرابوون . بەماوەیەکی زۆر کەم کۆڕی زانیاری کورد پێشکەوتنێکی هەستپێکراوی بەدەست هێنا و بە خێرایی باوەشی کردەوە بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکانی زمانی کوردی لە هەموو روویەکەوە و کەوتە هاندانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و کەلەپوورو چەندەها بابەتی ترو پەیوەندی بەست لەگەڵ ئەو مەڵبەندانەی بایەخیان بە زمان و ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی عیراق .

کۆڕی زانیاری کورد بوو بە سەرچاوە بۆ دیاری کردن و دەست نیشانکردنی راست و هەڵە لە زمانی کوردی دا ، سنورێکی دانا بۆ ئەو گێژاوەی کە لە پێش دا زمانی کوردی تێی کەوتبوو ،زۆر کەس خۆیان دادەنا بە تەنها سەرچاوە کە کەس بۆی نیە شان بدات لە شانیان لە بواری زمانەوانیدا .

پاش ٦/ ئازاری بەدنا و سەرۆکی کۆڕ ناچار کرا دەست لە کار کردن بکێشێتەوە و بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئەندامانی کۆڕ دەکرا ، تا زۆریان ناچار بوون بۆ دوور کەوتنەوە لە کۆڕو چالاکیەکانی کۆڕ ، کۆڕی زانیاری کورد بوو بە جێگای رەخنە لێگرتنێکی زۆر،ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە رۆشنبیری نەتەوەیی لە ژێر سایەی دیکتاتوری و شۆڤینی دا گەشە ناکات . رژێم بەوەش رازی نەبوو بەڵکو ساڵی ١٩٧٩ کۆڕی زانیاری کوردی هەڵوەشاندو وەک بە شێکی بێ گیان و ساردو سڕ خستیە سەر کوری زانیاری عیراق کە هیچ دەورێکی زانستی یا زمانەوانی یا شارستانییەتی نەدیوو بە خۆیەوە ،بەتایبەتی لەژێر باڵی رژێمی عەفلەقیەکانی بەغداد .

دەنگی یەکیتی نووسەرانی کورد ،هەر وەک سەرجەمی دەزگا روشنبیریەکانی تر، پاش هەرەس هینانەکە بو ماوەیەک کپ بوو ،بەلام بوجاریکی تر لە کونگرەی سالی ١٩٧٨دا گیانی هاتەوە بەبەرا ، ئەو کونگرەیە بوو بە جەنگێکی گەرم لە نیوان ئەدیبە نیشتمانیەروەرو - پیشکەوتنخوازەکان لە لایەک و چلکاو خورەکانی رژێم لە لایەکی ترەوە ، سەرکەوتن بۆ دەنگە ئابڕوومەندەکان بوو ، بەلام رژێمی فاشی هەزار و یەک رێگای هەیە بۆ کپ کردنی دەنگی یەکێتی نووسەران .

یەکێ لە هەرە ئەندامە بەرزەکانی ئەم یەکێتی یە شەهید کرا ، کە مامۆستا صالح یوسفی بوو ، هەروەها نووسەرو چیرۆک نووس مامۆستا محرم محمد ئەمین کە لەتەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵی دا بوو لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی دائیرەی ئەمن لە سلێمانی

شەهید کرا . بەڵام نووسەرو ئەدیبە ئابڕوومەندەکان لە یەکێتی نووسەران ملیان کەچ نەکرد بۆ بەشان و باڵ هەڵدانی نیرۆنی عیراق و قادسیەکەی ، بۆیە بە فەرمانی دەستەڵاتدارە داخ لە دڵەکانی بەغداد لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢ دا چالاکیەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد راگیرا .

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - نموونەیەکی ترە بۆ ئەو دامەزراوە رۆشنبیریە کوردیانەی رژێم لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تەنانەت لە بارو دۆخی ١١/ ئازاریشدا ،سوور بوو لەسەر ئەوەی هەر سەر بە وەزارەتی راگەیاندن بێت و لە ژێر دەستەڵاتی راستەوخۆی پیاوەکانی دابێت . لەبەر ئەوە ئەم دەزگایە ئاواتەکانی گەلی کوردو دانەران و نووسەرانی نەهێنایەدی سەرەرای ئەو دەورە گرنگەی کە پێ ی سپێردرابوو ، سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەو- لەچاپ دان و پێشکەش کردنی یارمەتی و بەجێ هێنانی ئەرکی رەقابە بۆ ئەو نووسینانەی بە زمانی کوردی بڵاو دەکرانەوە لەسەر شانی ئەم دەزگایە بوو ،جگە لە دەرکردنی رۆژنامە یەک و یەک دوو گۆڤار .

بەڵام تەنها لە پاش هەرەسهێنان دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی بەبەردەوامی کەوتە نزم بوونەوەو روچوون ، یەکێ لەوانەی سەر بە دائیرەی ئەمن بوو کرا بە بەرێوەبەری ئەم دەزگایەو لەو کاتەوە ئیتر پڕ کرا لە نەزان و نیمچە خوێندەوارو چڵکاو خۆر. هەموو ئەرک و کارو کردەوەکانی دەزکاگە وەرگێرانی " قسەنەستەقەکانی" " سەرۆکی پیشەوایە" بۆ سەر زمانی کوردی .

ساڵی چەند کتێبێکی کەم لەم دەزگایە بڵاو دەکرێتەوە کە زوربەیان سادەو بێ نرخن و هیچ پەیوەندیان بە ئاوات و خواستەکانی گەلەکەمانەوە نیە ،بەڵکو ئەرکی گەورەی سەر شانی ئەم دەزگایە هەروەک ئەرکی دوو رۆژنامەو دوو گۆڤارەکەی جوانکردن و رازاندنەوەی رووی رژێمی فاشیزمی و داپۆشینی تاوانەکانیەتی کە دەربارەی بوونی گەلەکەمان و رۆشنبیری و کەلەپوورو مێژوومان ئەنجامی دەدات .



دانەرو نووسەر کوردەکان لە نەهامەتیەکی دژواردا دەژین ،چونکە زۆر بە زەحمەت دەتوانن کتێبێکی ناوەڕۆک باش لە چاپ بدەن.
لیستەی سەرچاوەو کتێب و رستەو ووشە قەدەغەکراوەکان مانگ بەمانگ درێژ تر دەبێ.
تیپە هونەرییە شانۆگەری و مۆسیقاییەکان کەبەشێوەیەکی تایبەتی دوای ۱۱/ ئازار/۱۹۷۰ پەرەیان سەندو دەورێکی پڕ شانازیان بینی بۆ زیندوو کردنەوەی فۆلکلۆری کوردی بەرە و پێشەوە بردنی ، ئەم تیپانە بەرهەمێکی زۆری نوسەرو هونەرمەندە کوردو عەرەب و بیانییە ـ کانی پێشکەش کرد . بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دا بە شان و باهوو هەڵدانی ڕژێمی دیکتاتوری ڕەگەز پەرست بوو بە گوزەرنامە

بۆ بەرهەم هێنانی هەر کارێکی " هونەری".
لەکاتێک دا کە ڕژێم پارەی دەباران بەسەر خۆ فرۆشەکان دا ،زوربەی زۆری هونەرمەندە لێهاتووە ئابروومەندەکان پەسەندیان نەکردکە بچنە سەر ئەم رێگا چەوت و پڕ شورەییە. بینەرانی کورد بێ بەری کران لە بینینی بەرهەمە پێشکەوتنخوازە خۆماڵی و جیهانییە ـ کان بەزمانی کوردی چ لەسەر شانۆ ،چ لە سەر تەلەفزیۆن . زوربەی تیپ و یەکێتی یە هونەریەکان لە کار کردن و بەرهەم هێنان بێ بەری کراون بەهۆی هەڕەشەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات.

یەنجەش ڕادەکێشین بۆ ، ناونراو بە ، ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، وەک نموونەیەک بۆ ئەم ئۆتۆنۆ ـ مییە کارتۆنییەی دوای سەرنەگرتنی رێکەوتننامەکەی ۱۱ / ئازار و پاش ٦/ئازار بە شەلی و کوێری و گۆجی و ئیفلیجلەدایک بوو ئەم دەزگا لاواز و بێ توانایە پڕ کراوە لە نەزان و دوژمنانی گەلەکەمان ، هەموو کارو کردەوەیەکی دژایەتی کردنی رۆشنبیری کوردی و شێواندنی مێژوو و کەلەپووری کوردی یە.
تەنها سیفەتی ئەم دەزگایە هەر ئیفلیجی و بی دەستەلاتییە ، چونکە تا ئیستا نەیتوانیوە کوقاریک یا رۆژنامەیەک یا کتێبێکی سوود بەخش و بەنرخ بهێنێتە بەرهەم ،تەنانەت تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو چاپخانە گەورەیە بخاتە کار کە لەسەرەتای ساڵی ۱۹۷٤ وەزارەتی کارو باری ژوورو بۆی تەرخان کردبوو.

کتێبخانە گشتییەکانیش بەدوور نەبوون لە مشک و جرجەکانی ڕژێم ، هەموو ئەو کتێبانەیان هێنایە دەرەوە کە بەشێوەیەکی مەووزووعی نووسراون دەربارەی کێشەو مێژوو و کەلەپووری کورد ، هەموو ئەو جۆرە کتێبانە خراونەتە لیستەی قەدەغەکراوەکانەوە.
ئەمە هەموو شتیک نیەو لێرەدا باسەکەمان کۆتایی پێ نایەت.
رۆشنبیری و کەلەپوورو مێژووی کورد،بەڵکو بوونی گەلی کورد ، تا ڕژێمی فاشیزمی لە ژیان دا مابێت زیاتر دووچاری لێدانو سەر کوت کردن و رووخسار شێواندن و بە سووک تەماشاکردن دەبێت.

ئیتر سڵاو بۆ رۆشنبیری کوردی و سڵاو بۆ رۆشنبیرەکانمان کە جوامیرانە خۆیان ڕاگرتووە و مل کەچ ناکەن نەبۆ هەرەشەو نە بۆ خشڵ و پارەی فاشیستە گەوجەکان ،مێژووی گەلەکەمان لە دێر زەمانەوە وەک پۆڵا لەژێر زەبری چەکوش دایەو هەربەرەو پتەوی و بەرزی و پیرۆزی دەڕوات.

چاپەمەنی نوی

## ڕێگای ئازادی

ژمارە (۲۲)ی رۆژنامەی رێگای ئازادی لەمانگی ئازاری ئەمساڵدا دەرچوو، ئەم رۆژنامەیە ئۆرگانی ناوەندی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراقە ،بەزمانی کوردی دەردەچێت.
ئەم ژمارەیە بریتیە لە چەند بابەتێکی بەنرخ دەربارەی باری ناوخوی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان،
لەژێر ناونیشانی خۆ بەدەستەوە ـ دان بۆ فاشیزم چی بەدواوەیە، ڕێکەوتنەکەی نێوان سەرکردایەتی (ی.ن.ک)و (صدامحسین) ڕیسواکراوە لەلایەکی تریشەوە ووتارێکی گۆڤاری (الهدف) بەناونیشانی (( هەلیمەی کورد دەگەڕێتەوەسەر ڕەوشتی جارانی)) کراوە بە کوردی کە دەربارەی هەمان ڕێکەوتنە ئەمەو جگە لە چەند ووتارودەنگ و باسی تر.

## گـۆڤاری

«NEW_PESH MERGA»

ژمارە سێی گۆڤاری"نیوپێشمەرگە" کەگۆڤارێکیڕامیاریو ڕۆشنبیریە لقیئەوروپایپارتیمان بە زمانی ئینگلیزیدەریدەکاتە،لەمانگی ئازاردا دەرچووە.
لە گۆڤارەکەدا چەند ووتارێکی بەنرخوگرنگ بڵاوکراوەتەوە کە یەکەمیان بەناونیشانی "۸۳ساڵی پاشکەزبوونەوەبووبەڵام نابێت بێ هیوا بین". هەروەها چەند بابەتێکیرۆشنبیریگرنگ کە بەکێکیانەدەربارەیپەڕاوەکەی فەرهادشاکەلییە (بیرینەتەوەییلە مەموزینیخانیدا )وبەزمانی ئینگلیزیدەرچووە ،لەگەڵ ئەو باسەی کەهەڤاڵنوریجەعفەر پێشکەشی کۆنگرەیئەمستردامیکردبوو لەژێر ناونیشانی"گرنگی هۆیە رۆشنبیریەکان لەخەباتیگەلی کورد دا ،لەگەڵگەلێک بابەتی بەنرخی تر.

# گەڕان بەدوای سەرەتاکانی شانۆی کوردیدا

((جەمشید کوردۆ))

شانۆداهێنانێکی شارستانیە، ڕەگ وبنجی قووڵی خۆی هەیە لە مێژووی ئێمەدا ،لەناو ئاهەنگ و نەریتی لەدایك بوون و مردن و درویێنەو قوربانی و بەهارو... خۆی دەنوێنێ ،ئەو کردارە مێژووییە کۆمەلایەتییەیەکە هەڵقوڵاوە لە دەروونی میللەت و نەریتە ئاکاری ورۆحیەکانەو هەڵوێستە دەربارەی فەلسەفەی سەردەمەکان و ووشیاری کۆمەڵگا ـ یەکی دێرینی خاوەن بەرهەمو بەربەرەکانێیە لەپێناوی باشتردا لەبەردەوامێتیزیان ( فیکرو بزووتنەوەی گەشەکردن و بەرەو بالا چوونی ئەزەلی ناو سروشت و کۆمەڵگا، هەروەها نموونەیە بۆ یەکگرتنی ڕوح و ئەوعەقلیەتەی دوێنی دەبەستێتەوە بە ئیمڕۆوە ـ هونەرمەندی داهێنەر ـ تیایدا باسی توانا و بەهێزی جەماوەر دەکات و زیرەکانە دەیکاتەتەون ـ بۆ گۆڕانکاریەکانو چوونە ناو مێژوو لەگەڵ بۆ گەیشتن بە سەرچاوە زیندووەکانی،ئەم کارەش تەنیا بە لاسایی‌کردنەوەوگێڕانەوە بەمەبەستی کات ڕابوواردن نابێت بەڵکو بە هاوبەشیکردنی تەواولە گەڵجەماوەردەبێ تا ڕاستەقینەلە دڵۆخی دروست بوونو گەڕانەوەی دا بۆ کرداری مێژوویی ببینێ کەلە ئەنجامی کار و بەرهەمی ئابووری و کۆمەلایەتی جەماوەرەوەدروست دەبێ و لەدایك دەبێ.. لەبەر ئەمە دەتوانرێ سەبارەت بەرۆڵی شانۆ بووترێ ( پەرستگای ڕوحی گەلان و میللەتانە ) ، لەشانۆ دا ئاوات و بۆ چوونەکانیان‌دەربارەی گەردوون و ژیان چڕدەبێتەوەودەر دەکەوێت . پرسیارەکانی شانۆ پێویستیان بە توانینی بەکۆمەڵ هەیە بۆ وەلامدانەوەوشیکردنەوەو لیکدانەوەیگشتی . ئەو وەلام ـ دانەوەیەی کەسانی میللەت و کۆ ـ مەڵگا بەهۆی داوی ـ نەبینراوی ـ فیکری و ڕوحی بەوە پێکەوە دەبەستێتەوە ،ئەو وەلامانەیە کە دەبێتە هۆی ووروژاندنی بەهێزی لێکۆڵینەوەو بەدواداگەڕانوقووڵ ڕوانینی مادیانە بە گشتی بۆ شتەکان و دەورو بەر ،واتە مرۆڤ دەبێتە خاڵی سەرەکی لە سەرنجدانی سەرتاپایی بۆ بیری جەماوەر ،لەدایك بوونی،توانای بۆمانەوە لەرێگای بەرهەم هێنان، زمانەکەی ،نەریتە نەتەوەییەکان و هەستی بلندی مرۆڤایەتی،واتای خەبات لەپێناوی ئازادی سەر بەرزیدا ـ لەپاش ئەوانەش بڕوای تەواو بە چارەنووس و ئازادی و ئاواتەکانی .

شانۆ گرنگترین و مەزنترین شێوەیە لە شێوەکانی چوونە ناو ڕاستەقینەو واقیع و جوانترین بەرهەمی ئایدۆلۆژیش دەبێت گەر کات دیاری کردنێکی ووشیارانە هەبێ لە دینامیکیەتی بەرەو ڕوو بوونەوەو باسکردنی کێشە چارە نووسیەکانی میللەت و تاکە کەس و گەردوون بە شێوەیەکی کارا ـ واتە ـ ئەم کارە وەستاوە لەسەر ڕادەی قووڵی فیکری و ڕادەی بە توانایی دەرهێنەرو نووسەر و نوێنەران بۆ بەخشینی گیانێکی نەرم و پڕ لە تواناو ژیان بە شانۆو ووشەکانی ،بەو شێوەیە کە بینەرانی ڕادەکێشی بەرەو مۆنۆلۆژ و جێ بەجێ کردنی بەسەر ئەو ڕووداوو کاتانەدا کە لە دەرونیاندا شوێنێکیان بۆخۆیان گرتووە . کەواتە ئێستا ئامانجە فیکری و هونەریەکانی شانۆئاشکرا بوون بۆمان وەك بڕواو ووشیاری مادی بۆ مێژوو نەك وەك قەدەر ، یا وەك ئایدیالی خەیاڵێکی سەر پێیی. بەم شێوەیە دەتوانرێ کە بووترێ گومان لەوەدا نیە گەلی ئێمە خوو ڕەوشت و ئاهەنگی شانۆگەری خۆی هەیە کە تەمەنی لە سەدان سەدە تێدەپەڕی ، وەك ئاهەنگەکانی مرۆڤی سەرەتایی لە ئەشکەوتەکانی " زەرزی و شانەدەر و هەزار مێرد ـ شوێنەواری خانوو بەرەو هۆی بەرهەم هێنان و پاش ماوەی سیرامیکی وێنە کێشراوو بەزەخرەفە کراو لەچیای شەنگار بەر لە حەوت هەزار ساڵ . لەگەڵ ئاهەنگی پەرستگاکان،بتەکان و کاهنەکان لە عیلام ، شوێنەوارە ـ برۆنزیەکانی لوڕ و ... هتد،کە دووبەرەکی نێوان هێزی شەرو هێزی خێر دەردەبڕێ . بۆ خۆ پاراستن و دوورکەوتنەوە لە سادەیی و توباویی و پێویستە بە ڕابووردووی دوورو درێژماندا ڕوبچینە خوارەوە ، ئەوکاتەی کە

مرۆڤی سەرەتایی ـ وەك پێویستیە ـ کی سەرەتایی ـ بەئاواتی تێ گەیشتنی جیهانودەورو بەریەوەبوو وەك پێویستیەك بۆ تەشکیلی هونەری واقیعی ،دەرژایە بیر و هۆشیەوە ،ئەم پێویستیە کە لە بناغەدا لە کاری بەرهەم هێنانو ئەو یاسایانەی کە زانستەکان داني پێدادەنێن و بەهۆی شوێنە واری هونەرەکانەوە دووپات کراوەتەوە ـ پەیکەرتاشی،سیرامیك و میعماری و خشڵ،.. هتد هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەنکە ئەو کەسانەی لە کوردستان نیشتە

جێ بوون لەو سەردەمە دێرینانە – گەیشتونەتە گەڕان بەدوای – شێوەو سەرچاوەو دەنگ و ڕەنگ و قەبارەی تەنەکـان و بەکـار هێنانی جۆرەها ڕەنگی ئاڵ و والا لەسەردەمی تەشکیلی ی یەکەمـی ئاینی ی سەرەتایی دا لــە شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا سەرەتای وێنەکێشان و پەیکەرتاشی دروست بوو ،شوێنەوارەکانی ئەو سـەر دەمەی کوردستان پارمەتیمان دەدا بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی لــە دایك بوونی سادەترین شێوەکانی هونەری شانۆگەری ، " باڕاوکردن لەسەماو ئاهەنگە تایبەتیەکانا سەرکەوتووبوایە " زۆرجارخەڵکی هەڵدەستن بەچەند جووڵانەوەیەکی تەجریدی و نزای ئەفسووناوی ، ڕەنگەئەم سەمایە – سەمای پیرۆز – بوویێت بۆ نەریتێکی کۆبلایەتـی لەبەردەم مەزنی خۆر یان مەزنی ئاگر دا ! سەروکەللەی دەستکردی ئاژەڵیان بەکار دەهێنا تابتوانن بچنە ناو ڕانە ئاژەڵەکانەوەوبۆ ئەوەی لێیان نزیك ببنەوە وەك پێویستیەك ، هەروەها بۆمان دەر دەکەوێت کە تەنیا ئەمەش بـەس نەبووە بۆ تەنیا نزیك بوونەوە لە ڕانە ئاژەڵەکان – بەڵکو بەم کارە وویستوویانە لاسایی باڵندە و ئاژەلەکان بکەنەوە و تایبەتیە تی و شێوەی هەموو باڵندەوئاژەڵە کان و سروشتی دەوروبەریان بزانن بۆ ناسینەوەی چۆنیەتی جولانەوەو دەنگەکانیان ،هەموو ئەمانە بوو بەهۆی لەدایك بوونی شێوە سەرە – تاییەکانی لاسایی کردنەوە ،واتە مرۆڤ چووە ناو (شیوەیەکی ترەوە) کە بوو بە خاوەنی جوولانەوەی ڕیك و پێك ئەمەش بەدەوری خۆی بـوو بە هۆی نواندنی بێدەنگە (تەنیـا بە جووڵاندنەوە ) لاسایی کردنەوەی ئاژەڵەکان لە سەماکردنیاندا لە پێش و لە دوای تەواو بوونـــی جەنگەکانیان . یەکی لە وێنـــە سیرامیکیەکان باس (گەشتـی ڕاو) دەکات ،یەکێکی تر لە پاڕانەوەو نزا یا پەرستنی یەکی لە هێـزە سروشتییەکان دەچێت . نموونـەش بۆ ئەمە شوێنەوارە ئەرکیۆلۆژیە سیرامیکیەکانە کە لە عیلام ولوڕ – ستان دۆزراوەتەوەلە خـوار چیای بێستون کە دەگەڕێنەوە بۆ سالانی سێ هەزارو چوار هەزاری – بەر لەزایین.

هەندێکیان لە هەڵپەرکێی ئێستای کوردی دەچن و هەندێکی تریان لە جەنگ یان وەرزش و سەمای ئاینی و ئەفسووناوی دەچن .

لەو سەردەمە سەرەتاییەداجولانەوە و دەنگە شانۆییە ئیقاعیـــە



پارچە سیرامیك لە نزیك چیـای بیستون دوزراونەتەوە ، مێژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بـۆ ٣ هەزار ساڵ بەرلە زایین گـەر سەرنج بدەین جۆرە هەڵپەرکێیەکی وەك هەلپەرکێ ی کوردی دەبینین.

هەڵقوولاوەکانی ناوچەرگی کـاری بەرەو پێشەوە چوونی ئابووری و – کۆمەلایەتی دەستی کرد بە درووست بوون . هەندێ جاریش بەرەو پێشە وە چوونی ماڵی کردن و پەروەردە کردنی ئاژەڵ و زانینی هەندێ لە مەترس و دژواری و هەندێ سوودی سروشت دەکەوێتە بەر چاو ،ئـەم کردەوانەش دەگاتە کامڵ بوونـی نیسبی و کاتی لە نواندنی شانۆ لە گەڵ پەردەلادان لەسەربەکـار هێنانی ئامێرە سەرەتاییەکانـی مۆسیقا ( بۆ نموونە وەك شمشاڵ)

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێـین کە مرۆڤە سەرەتاییەکانگەیشتبون بە قۆناغی کشت و کاڵ وسیستەمـی ئاینی تایبەتیان بۆ خۆیان – دامەزراندبوو پێش خەڵکی تر لـە ناوچەکانی تری سەرزەوی بـە شێوەیەکی ناچاری کاری پەرستن و تایبەت بوون بە گۆڕانە سروشتیە کانەوە ( خۆر ،ئاو ،ئاگر،چیـا ) لای ئەمان درووست بوو ،پـاش ئەوەش خواوەندی پیت (ئەناهیـد) ناهیدە و چەند خواوەندێکی تریان داهێنا بەتایبەتی لە کتێبـە پیرۆزەکەی زەردەشت دا ،کـە دەربڕی چۆنیەتیکۆمەڵگا ژکۆیلایەتی و نیمچە سەرەتاییە بە هەمـوو لایەنە مادی و ڕوحیەکانیەوە ، لە ئاوێستادا خواوەندی خـۆرو ڕاستەقینەوسەرکەوتن ( میترا ) – دەردەکەوێت و وەك پاڵەوانێکـی نەبەز کە هیچ بەزەیی بـە دوژمناندا نایەتەوە ناوێتۆمـار کراوە ( واتە وەك شێوەیەکی سەرە تایی بۆ پاڵەوانی ئەفسانەیـی کورد ،ڕۆستەمی زاڵ ) خەباتدەکا بەئاگر ناسووتی ،لەئاوانا خنکێو تیری دوژمن نایپێکی ،بەڵام تیرە کانی ئەم بە هێزێکی لەڕادەبەدەر

وەك بیر بە خێرایی بروسکەدەڕواو وەك باران دەباری بەسەر سەری – ئەهریمەنەکانا " هێزەکانی شەر " یارمەتی دەرانی ئەم پاڵەوانەلە هەمان نەژادن و هەمان سیفاتیان هەیە یەکێکیان کە ناوی "ڤیرەترە نگە" لەلایەن ئاهورامزداوە – دروست کراوە لە سەر شێوەیکەڵە کێوی ،بەهێزو توانایەو دانەکانی زۆر تیژە، بە گار لێگرتـــن دڕندەترین ئاژەڵ دەکوژێت و زۆر بەخێرایی دەجووڵێ و پێ و کلك و دانەکانی لە ئاسن دروستکراوە ، بەئازایی ڕادەکات و هەڵمەتدەبا بۆ سەر دوژمنان بۆ لەناوبردنیان

مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرەتاییدا جۆرەها ئاژەڵ و دیاردەسروشتیە کان و ڕوحەکان دەپەرستێ و ڕۆژی چەندەها جار سوژدەیان بۆ دەبـا " واتە دروست کردنی خوا لـــە شێوەی پەرستکاریدا ) .

بۆ ئەوەی ئەم شێوەی پەرستگا – ریە بهێننە دی پێویستیان بـە داڕشتنی شێوەی خواوەند بوو تا شێوەیەکی دیارو بینراوی مرۆڤـا – یەتی ،کامڵ ،ی بدەنێ کە لـە دروست کردنیدا زۆر مبالغەی تیا کرابێت.

لەبەر ئەمە پێویستی بەشانۆیە هەبوو بۆ ئەم ئاهەنگە تایبەتیە گومانیش لەوەدانیە کە پەرستگای " میترا " و پەرستگای کەڵەکێوی لەلایەن هونەرمەندانەوە،لە سەر شێوەی شانۆ داتاشراون " ئەمە شێوەی سەرەتایی ئەوعەقلیەتەیە کە پاڵەوانەکان بە پیروزدادەنێ کە تائێستاش لە میسولۆژیاو لـە واقیعی کوردیمان دا بەردەوامخۆ دەنوێنێ " بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندوو بێت بۆ ئازایەتی وژیانی کورد. ( بەم شێوەیە وێنەی خوا – وەندی خۆیان لەسەر وێنـــەی پاڵەوان کێشاوە ).

لە ئاوێستادا شێوەی دیمتـــراو کەڵە کێوی وەك دوو شێوەیبینراو دەردەخرێت نەك بە شێوەیەکـی مجرد. زیندەوەری ناو ئـــەم جیهانەن بەلام خاوەن توانای لە ڕادە بەدەری ئەفسانەیین ، بـۆ نموونە ئەناهید ( خواوەنـــدی پیت لە زەردەشتی دا شێوەی شانۆ یی ئاهەنگەکانی پەرستن دەردەخا و دەقەکانی ئاوێستاش ئەمـە دوویات دەکەنەوە ،دەتوانرێ کـە

هەمیشە ئەناهید لە شێوەی کیژێکی شاخی بەهێز و باڵا بەرزو ناسك و خانەدان و دوورلە هەڵە کە بەرگێکی ئاودامانی

لەئاڵتوون پۆشیوە ) وێنەگرتنی ئەناهید وەك ڕاستیەکی واقیعی بۆ شێوەی مرۆڤ و نرخ دانان بۆ ئەو ووتەیەی زەردەشت کە دەڵێت: " دەتوانرێ ببینرێ" دووپاتی دەکاتەوە کە دەوری خواوەند لە ئاهەنگی پەرستگاری دا لەلایەن کیژێکی دیاریکراوەوە لە پەرستگادا دەنوێنرا .

دووبارە هەر لە رێگای ئاوێستا دەتوانرێت ئاهەنگی پەرستکاری لەکۆمەڵگای سەرەتایی و کۆیلایەتی کوردستان دیاری بکرێ و دووپات کردنەوەش لە سەر بوونی ئاهەنگی شانۆگەری ،هەروەها ، نموونەی بۆنە ئاینیەکانە کە لە پەرستگاکانا یان لە گۆڕەپانە تایبەتیەکانا جێ بەجێ دەکران " ئەو نزایانەی کە لە کاتی حاڵ لێهاتن بە شێوەی نواندن " سەمای دروێشان" دەخوێندرایەوە ، مۆسیقاوگۆرانی و جووڵانەوەی ڕێك و پێکیان لە گەڵ دا هەبوو .. لە هەندێ جار دا پەنایان بردۆتە بەر شێوەی گفتو گۆ لە گەڵ خواوەند ،دەقی گاتەکانی زەردەشتی پڕن لە باسی ئاهەنگی ئاینی و ووتار بێژی و شانۆگەری ،هەموو ئەمانە بوون بە هۆی پەیدا بوونی تایبەتیەتی هونەری ووتاربێژی ، لەم ئاهەنگانەدا ئاگرپەرستە چیاییەکان هەستاوون بە دەور ـ بینین بوا نواندی چەند بابەتێکی میسۆلۆژیا ،ئەو ئاهەنگانەی کەبەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لە ئاوێستادا داتراون مۆسیقا ( شمشاڵ،دەف ) دەوری زۆر سەرکی تیا دەبینێ ،بۆ نموونە لەبەشەکانی ئاوێستادا ( ڤیز پەریت ) بریتیە لە نزاوگۆرانی ئایینی ، بەشی (یاسنە) ش هەروەها بریتیە لە گۆرانی و نزا ، لەکاتی پێشکەش کردنی قوربانی دا بۆ بەرزی و بەخشندەیی‌خواوەند ـ سروشت ـ پێشکەش دەکرێت ،هەر لەبەشی " یاسنەدا " سروود هەیە کە پیرۆزی دەدات بە پاڵەوانەکان " خواوەندەکان"ی زەردەشتی هەروەها بەرهەم هێنانی ئەم سرود و گۆرانیانە بە سەماو جووڵانەوەی شانۆگەری دەبێت ،لەناویان دا ـ پێکهاتووی هونەری پاڵەوانە میسولۆژیەکان لەدایك دەبێ کە پێویستی بە هەڵبژاردنی ئەکتەری لێهاتووە ! کە ئەویش

لە کاهنەکان" مجەورەکان" پێك دێت ،کە ئاوێستایان بە چاکی ڕەوانکردووە و هونەری سەماکردن ومۆسیقا و ووتاربێژی دەزانن بۆ بڵاوکردنەوەی بیرەکانی ئاو

لێکدانەوەی جیهان ،تێڕوانینی هونەری ئامادە بوونێکی هەمیشەیی هەیە لە نەریتە ئاینییەکان و بۆنەفۆلکلۆریەکان و ... ،لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە



چەند وێنەیەك لە سیرامیك نزیك چیای بێستون دوزراوەتەوە ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ ٣هەزار ساڵ بەر لە زایین ، لە شێوەی نزا و پاڕانەوە یان لە شێوەی یاری سێرك دا دروست کراوە .

ئاوێستا کە نەدەشیا لەپەرستگا ـ کان "مزگەوتەکان" پێشکەش بکرێن بەبێ توانای هونەری و نواندن و توانای ووتار بێژی سەرکەوتوو .

لە لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆندا بۆ مان ئاشکرا دەبێت کەلەناو کۆمەڵگا سەرەتایی و نیمچە چینایەتیەکان دا دەروازەی بیرو باوەڕە ئاینیەکان دانەخرابوون تا ببنەهۆیئالۆزکاری و کەللە ووشکی کۆنەپەرستی ،بەڵکوهەموو یەك پارچەی ئۆرگانی بوو لە ووشیاری کۆمەڵایەتی ـ ئابووری ، لە بوون و زیندوویەتی و وەك ـ شێوەیەکی سەرەتایی بۆ بینای ئایدۆلۆژی .

ئایین هەروەك فردریك ئینگلس دەڵێت " کاریگەریەکی ئەندێشەیی هەبوو لە سەری خەڵکدا ،بۆ ئەو هێزە دەرەکیانەی کە لە دەرەوەی وویستیانەوە دەسەپێنرێ بەسەر ژیانی ڕۆژانەیاندا ،ئەمە ڕەنگدانەوەیەکە هێزە دنیاییە ـ کان شێوەی نادنیایی تیێدا وەردەگرن . نموونە ئەندێشەییە ـ کان کەلەسەرەتادا تەنیا دەربڕی هێزە نهێنیەکانی سروشت بوو ، ئێستاش چەندەها شێوەی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت ودەبێتە ئەو ڕەمزانەی کە نوێنەرایەتی مێژوو دەکەن ـ ئەنتی دۆهرینگ .

میسۆلۆژیا بۆ ماوەیەکی درێژ تەنها شێوەبوو بۆ دەربڕین لە پێویستیە جوانکاریە ئاکاریەکان ، تەقلیدیەکان ،وەك تاقی ـ کردنەوەو هەوڵ دان بۆ

لە شانۆی ئێمە گرێ دەدرێ بە لێکولینەوەی سەرچانەکانی تری رابووردوو ئێستامان ،دەروون و مێژووی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئێمە ،کە چۆتە کۆنترین لاپەڕە ـ کانی مێژووی شارستانیەتی گشت مرۆڤایەتیەوە بەبێ ی تیووری ئەفسانەکان ی نووسەری فەرەنسی بەناوبانگ ( دومیزیل ) وڕێبازە بەناوبانگەکەی : خواوەندی کۆنترین چینەکان لە ئەفسانەی میللی و ئایینی گەلانی هیند و ئەوروپی سێ ئەرك دەردەبڕێ:

یەکەم: ئەفسووناوی و یاساییە ( واتە ئیداری ـ ئایینی) دووەم: هێزی لەش " واتە ووزەی جەنگ و ڕۆڵی ئەو ووزەیە " سێ یەم:

بیت " بە هەموو مانای ووشەوە " لەبنەڕەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری ئایینی و ئەفسووندا ـ لە بیرو مێشك دا سێ چین جەسپا و شوێنی خۆیان گرت : ١ـ کاهنەکان ٢ـ جەنگاوەرەکان ٣ـ جووتیارو شوانەکان ،هەر چینێکیش لەم چینانە لە ئەفسانەکان دا لە لایەن خواوەند یان پاڵەوانانی دیاری کراوەوە نوێنەرایەتی دەکران . لەبەر ئەوە دەربارەی باسکردنی دووبەرەکی مرۆڤ لەگەڵ هێزە سروشتیەکان و کڕنووش بردن لەبەردەم دیاردەکانی سروشت و ژیان و ئاهەنگە ئاینیەکانی دەتوانرێ بووترێ هەموو پەیوەندی هەبووەبە بیرو چۆنیەتی ژیان و سۆز و غەرائزەکانی و گومان لەوەدانیە کە بەتایبەتی

لە ئاهەنگەکانی پەرەستن دا – بنچینە سەرەتاییەکانی دراما لەدایك بووە – کەپێبرۆزی لە بەخشی بە سەرەتاکانی هونەری شانۆگەری – بەپێی ئایدۆلۆژیای زەردەشتی " هەموو کردارێك لە سروشت دا بنچینەی دووبەرەکی نێوان دوو هێزی دژ بەیەکی تێدایە – یەکێکیان هێزی چاکە " ئاهورامەزدا" ئەوی تر هێزی خراپە " ئەهریمەن " یان لە نێوان خواوەندی ڕووناکی و تەندروستی و ئاشتی و لە نێوان خواوەندی خراپەو جەنگە و نەخۆش

ئەم دووبەرەکییە هەمیشە بە سەرکەوتنی ڕووناکی بەسەر تاریکی و چاکە بەسەر خراپەدا کۆتایی دێت "ئەمە دووبەرەکی نێوان چەشنەکان و دژەدیالکتیکیە – کانە کە لایەنێکی گرنگی بنچینەکانی هونەری شانۆگەری پێك دینی ، لە سەردەمی گەشە کردنی شارستانیەت لە ڕۆژانی ئیمیراتۆریەتی میدی دا چەند لقێکی نوێی ئاهەنگەکانی پەرستن کەوتنە دروست بوون ،کە لە جۆرەها ئاهەنگ و یاری و بۆنە میللیەکان دا ،وەك دروێنە و سەرکەوتنەکانی جەنگەو ... هتد زیاتر بەرەوپێشەوە چوو و زیاتر ئالۆزتر بوو لە یەکێ لە جەژنەکان دا ئاهەنگی سالی نوێ – نەورۆز – بەشێوەی شانۆ– گەریەکی گەرم پێشکەش کرا بە هاوبەشی مۆسیقای ڕەمزی و هەلپەرکێ و ووتاربێژی و گۆرانی و سروودی ئاینی ،لە سەردەمی کۆمەلگای پێگەیشتووی کۆیلایەتیا و لە پەیوەندی کۆمەلایەتی دا ، لە گەل بەرەو پێشەوە چوونی کشت و کال ،بۆنەو ئاهەنگ و

برسەو زەماوەندەکان – کە پەیوەندیان هەیە بە بەهارو پایزەوە زۆر بوون ، یەکێ لەو ئاهەنگانە ئاهەنگی جەژنی پایز بوو ،واتە کاتی کۆکردنەوەی – دانەوێلەو بەرهەمەکانو ... هتد بۆ دابەشکردنی شەربەتی یەکەمی ئەفسانەیی بەم کارە چەند بنچینە یەکی شانۆگەریان زیاد کرد ،کە لەپاشان دا لە کوردستان بەرەو پێشەوە چوو ،لەگەل ڕووداوەکانو گۆرانی کۆمەلگا بۆ کۆمەلگایەکی چینایەتی پڕ مەترسی ناوخۆ و دەرەوە، ئەفسانەی ڕۆستەم وزۆراب و کاوەی ئاسنگەرو گریانی سیاوەش لەدایك بوو کە خاوەنی بنەرەتی زۆر ئالۆزی شانوگەریین هەروەها بە شێوازی ڕۆمانسی بەرز جێ بەجێ کران بۆ دارشتنیان وەك: گفتوگۆ،ڕووداو، دووبەرەکی ،واتە شێوازەکانی بەکارهێنانی لەرەی دەنگ و جولاندنەوەی ماسولکەکانی دەموو چاوو کە حالەتی ڕۆحی و لەشی پالەوانانی ئەفسانەکە دەنوێنێ

داستانی ڕۆستەم کە لەدایك دەبێ و نامرێ ، وەك بابەتێکی شانۆیی لە زۆر کۆنەوە بە شێوەیەکی ئۆرگانی دەچێتە ناو یەکێتی و ڕۆحی شانۆوە . یان ڕوونتر ،دەچێتە ناو ووشیاری کوردیەوە بە هەموو قۆناغە جۆر بەجۆرەکانیەوە ،کە ئەویش بابەتی خۆشەویستی نیشتمانو بەرگری لێکردنیەتی بە ئازایەتی و جوامێریەکی ئەفسانەیی لە رادە بەدەر – هەروەها ئەفسانەی مەزنی کاوەی ئاسنگەر کەئاسنگەر دەوری پالەواتی تیا دەبینێ،ئەو هونەرمەندە کوردە دێرینەی کە بەر لە دانیشتووە چیاییەکان هەست بە کلۆلی گەلەکەی دەکات لەژێر چەپۆکی زولم و چەوسانە – وە دا بەدەستی بێگانە – بە پێی پێویستی وەك هاندەر و ئایدۆلۆژیی گەلی کوردستان گەشە دەکات ،کە بە شۆڕشەکەی سەرکەوت بەسەر زووحاکی زۆردارا هەروەها بوو بە نموونەی زیرەکی و بەتوانایی بیری کورد، بوو بە ڕەمز بۆ هەلهاتنی ڕۆژی نوێ ( نەورۆز ) .

بەم جۆرە دەتوانرێ بووترێ کە لەدایك بوونی شانۆی نەتەوەیی کوردی – ڕەسەن – پشت دەبەستێ بەو سەرەتایانەی ڕۆشنبیری میللی کە دەکەونە پێش کاری شانۆگەری نەخشە بۆ کێشراوەوە . کە ئەویش بریتیە لە :

یەکەم:–
ئاهەنگەکانی پەر ستن لەکۆمەلگای سەرەتایی دا ،وێنە کێشان،سەما کردن ، ڕاو ،کشت وکال ،سیرامیك،

دووەم:–
ئاهەنگەکانی پەرستن لەکۆمەلگای نیمچە کۆیلایەتی دا ،وێنەکێشان، سروودە ئاینییەکان،دروستکردنی خانووبەرە ،پەیکەرتاشی،زەخرەفە، کشتوکال .

سێ یەم:–
ئاهەنگەکانی پەرستن لەکۆمەلگای کۆیلایەتی ، وێنەکێشان، سەما کردن ،مۆسیقا ،کشتووکال،کڕین و فرۆشتن ،جەنگەکان ،چنینو ڕستن، سواری،ئەدەب ،یاساکان،دروست کردنی شارو قەلا ،ئایین .

بەلێ ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوون بۆ ڕۆشنبیری بوو بە هۆی دروست بوونی شانۆ ،بەلام بە شێوەیەکی لە سەر خۆ و پلە بە پلە سەرەتا لە سادەترین شێوەکانیەوە تا گەیشتن بە شێوە زۆر ئالۆزەکانی کە بێگومان لە هەموو ڕۆشنبیریە – کدا شێوەوناوەڕۆکی تایبەتی خۆی وەرگرتووە . هەروەها دەبینین کە هەمیشە دوولایەنی تێدا ئامادە بووە – دەقێکی ئامادەکراو و ئەکتەرێکی لێهاتوو و بە توانا لە ڕووی – خەیال و جوولانەوەو قسەکردن لە گەل جەماوەری بینەران – ئەمە جەوهەری شانۆگەریەو بەهۆی ئەمە – وە کاری داهێنەرانە ئەنجام دەدرێت ، ئای کە بۆ ئەمە چەند نموونەمان زۆرە ، کە سەدانسەدە – یە لەکوردستان دا هەیە : پیرەمێردێکی بەساڵاچوو تەمبورێکی بەدەستەوەیەو دەوری شانۆی گەڕۆك دەبینێ ،بە لێهاتوویی سەدان داستان و ئەفسانەی کوردی بە شیعر ڕەوان کردووە : مەم و زین ،شیرینو فەرهاد، کاوەی ئاسنگەر ،ڕۆستەموزۆراب ، قەلای دمدم و... هتد. کە لە خانەکان یا لە چایخانەکان یا لە کۆشکی میرو سەردارەکوردە – کان یا لە سەر چیاکان لە هەواری شوانکارەکان . بەلێهاتوو یی و زیرەکی خۆی ڕووداوەکانی ئەو ئەفسانانە دەگێڕێتەوە بۆیان ،کە زۆر جار دەربارەی پالەوانە نەتەوایەتیەکان و دەربارەی چیرۆکی ئەڤینداری و هاوڕێیەتی و خیانەتکردن و دیل بوونە بەدەستی داگیر کەرانی کوردستان و دەربارەی ئازایی گەلە لەبەرهەلستی کردنی دوژمن و سەندنەوەی خاك و ئازادیزەوت کراو .

ئەم بابەتانە کە لە دێر زەمانەوە بیری کوردزاخاوئەداتە کە تیایان دا کوردستان هەمیشە لەمەترسی جەنگە بەرپابوونایە و مرۆڤی کوردیش دووچاری نەمان دەبێ ، بەدەوری خۆیان ئەم ئەفسانەو داستانانە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر پەروەردە – کردنی نەوەکانی کورد هەر لە منالییەوە بە خۆشەویستی نیشتمان و گیان بەخت کردن لە پێناوی ئازادی و مانەوەیکەلە– پورە نەمرە مێژووییەکان .

بابەتەکانی ئەفسانەو داستانە میللیەکانی کورد،بەر لە هەموو شتێك مەبەستەکانی شانۆ دەهێنێتە دی ،ئەو بابەتانە مێژوویی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقی و هونەری یە دەربڕینە لە هەلوێستی مرۆڤیکورد بەرامبەر هێزە کاراکان لە

مەسەلەی بوون و چارە نووس دا . ئایدۆلۆژیای میللی لای ئێمە- لە سەر دووخاڵی سەرەکی ناکۆك ڕادەوستی - چاکەو خراپە- لەگەڵ بەربەرەکانیی نێوان - سروشت و سروشتی ئادەمیزاد- کەلە سەرەتای ژیانەوە بووە بە مایەی سەرسووڕمان .

هونەری کوردی توانای زۆری دەرخستووە لە کارە شانوگەرییە تایبەتیەکان دا بە چارەسەر کردنی کارو بارو گیروگرفتە ڕۆحی و فیکریەکانمان وهەمیشە وەلام دانەوەی بەرهەم دار بووە بۆ ئەو پرسیارانەی لە بیری مرۆڤایەتی و نەتەوایەتیمان دا هەبووە .

هەروەها لەم ڕێگایەوە تینوێتی خۆی دەربریوە بۆ زانینی کارە نادیارەکانی چارەنووس ،لە گەشەکردنی کۆمەڵگاکەی یان لە گۆڕانکاریە سروشتیەکاندا . لە داستان و ئەفسانەو چیرۆکە کوردیەکان دا پاڵەوانێك بەر چاو ناکەوێت دوو چاری بەربەرە - کانی یەکی توندو سەخت نەبێ لە گەڵ هێزە خراپەکارە جۆر بەجۆرەکان ،ئەو هێزانەیهەرەشەی مردن و نەمان لە ئاواتەکانی دەکات . هەروەها دەربارەی - پاڵەوانانی داستانە کوردیەکان دەتوانرێ بووترێ کە لەمناڵدانی خەیاڵی دەوڵەمەندو بارودۆخە- دزوارەکانی گەلەکەمانەوە لە دایك بوو ون . لەژانی بەربەرەکانی کردن لە پێناوی-

مانەوەو بەرەو پێشەوە چوونداا .

هەروەها دەتوانرێ بووترێ کە فۆلکلۆری کوردی بەگشتیدەوری- پەیامبەری گێڕاوە بۆ بەردەوامی پەیوەندی نێوان بازنەکانی کات لە ڕۆشنبیری و شارستانێتی کوردی دا بە درێژایی مێژوو ،بە هێزی ئەو زمانوعەقڵو شارستانیتی کوردی دا بەدرێژایی مێژوو - بە هێزی ئەو زمانو عەقڵ و لۆجیکەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە نەوەکان پاراستوو - یانە و وەك گەورەترین سەر مایە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ،بۆ مانەوەو شانازی پێوەکردنی گەل - بە هەموو مانایەکی ئەم ووشەیەوەلە مێژوودا - پاڵەوانلەئایدۆلۆژیای کوردی دا هەمیشە ڕەمزە بۆ مەزنی و زیرەکی گەل،پاڵەوانێك نە ئەمرێت و نە ئەبەزێت ،لە ڕۆژانی ئاشتیدا پزیشك و زاناو هونەرمەندە ڕۆژانی تەنگانە و جەنگیش پاڵەوانە ،داستانی

کاوەی ئاسنگەر زۆر بە جوانی ئەم بۆ چوونە دەسەلمێنێ.... پاڵەوانێکە لەیەك کات دا" پیاو چاك و پاڵەوانیشە"

بەڵێ بەم جۆرە دەتوانرێ کە بووترێ ئەم لایەنانەو چەند لایەنێکی تر ڕەگ و ریشەی شانۆگەری و ڕۆشنبیری گەلەکەمانە کە لەکۆنەوەزمانوزەوی خۆی پاراستووە ،ئایا گەر لە هەموو مێژوو و ڕۆشنبیریمان تێنەگەین، تاچ ڕادەیەك دەتوانین ئەم هەموو ڕەمزە ڕۆشنبیریانە وەربگرین ، ئایالە توانا دا دەبێ کارێکی ڕۆشنبیری ڕەسەن بەبێ ئەم زەمینە مێژوویی زمانەوانی و شارستانیەتیە بهێنیتە بەرهەم، چۆن دەتوانرێ کار لە دەروونی گەلێ بکرێت گەر هەمووشارستانیتی مادی و ڕۆحی شی نەکرابێتەوەو هەرس نەکرابێت لە سەر هەموو ئاستەکانی کۆن و نوێ .

ئەمە پرسیارێکی گرنگەودزوارە بەرەو ڕووی شانۆی کوردی دەبێ - تەوە ،کێ لە خۆی دا تواناو ووزەی نووسین و داهێناندەبینێ لە کۆمەڵگایەکی هەڕەشەلێکراو بە شێواندن و هەڵتەکاندنی ڕۆشنبیریە دێرینەکەی - ئەوا پێویستە بانگەواز ئاراستەی هەموو ئەوانە بکەین کە ووشەی شارستانیتی و ڕۆشنبیریان لەلا پیرۆزە تا بە شێوەیەکی قووڵو زانستیانە و بە ڕێبازێکی ڕەسەن بۆ کارکردنلەپێناوی ڕزگار کردنی کەلەپووری زمانەوانی و ڕۆشنبیری وهونەریو ئایدۆلۆژی کوردی و بەرگری لێ کردنی بە کردەوە .

گرشـــەی کوردستان

١

گۆڤارێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە مانگی جارێك لە تاران دەردەچێتە.. ئەمگۆڤارە بایەخ دەدات بە ئەدەب وهونەرو فۆلکلۆروکەلەپوورو مێژوو ... نۆ ژمارەی ئەم گۆڤارە لە

بەرگێکی ڕازاوەوقەشەنگا گەیشتۆتە دەستمان.

ئاواتە خوازینگرشەی کوردستان هەمیشە لە بەرەو پێشەوە چوونو سەرکەوتنا بێ.



# بیبلۆگرافیای فەرهەنگە کوردیەکان

بەشی یەکەم

ئامادەکردنی: دلدار و هەرێم

١- ئاجریان. ه.
کتێبێکی داناوە بەناوی ( کۆمەڵە ووشەیەکی کوردی بە شێوەی بایەزید ) "١" لە پاشکوی ئەم کتێبەدا فەرهەنگێکی کوردی - فەرەنسی و فەرەنسی کوردی نووسیوە، ساڵی ١٩١١ لەپاریس لەچاپ دراوە .

٢- ئوربیلی. یو . ئەی:
فەرهەنگێکی کوردی - ڕووس داناوە . تا ئێستا ئەم فەرهەنگە چاپ نەکراوە .




٣- ئۆسکارمان:-
ساڵی ١٩٠٦ لەبەرلین کتێبێکی چاپ کردووە بەناوی ( شێوە زمانی‌کوردەکانی موکری) "٢" فەرهەنگۆکێکی کوردی - فارسی لەگەڵ ئەم کتێبەدا لەچاپ داوە .

٤- ئەحمەدی خانی :-
نۆبارا بچووکان - فەرهەنگی عەرەبی - کوردی بە ساڵی ١٦٨٤ نووسراوە بریتییە لە (٦٠٠٠) ووشە ، بە شێوە زمانی کرمانجی ژووروو ، ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە قوتابیانی کورد، زۆر جار چاپ کراوە ، ساڵی ١٨٩٢ لەلایەن ( یوسف ضیاء الدین ئەلمقدسی) لە ئەستانبول لەژێر ناوی ( الهدیة الحميدية في اللغة الكردية ) بە کوردی - عەرەبی چاپیکردووە .

هەروەها ( لێکۆك ) ساڵی ١٩٠٣ لە بەرلین هەمان فەرهەنگی لەچاپ داوە .
دووبارە بۆ جارێکی تر ( الهدية الحميدية ....) لەلایەن دکتۆر محمد مۆکری لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی و پێشەکیەك بە فەرەنسی لە بێروت ساڵی ١٩٧٥ چاپکراوەتەوە .

٥- ئەورەحمانی حاجی مارف:-
ساڵی١٩٧٤ لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد کتێبێکی لەچاپ داوەکە تایبەتە بە زاراوە هەمەچەشنەکان بە ناوی ( مصطلحات متنوعة ) .

٦- ئەورەنگ ، مراد:-
بەهاوکاری (صفی زادە- بورەکەیی) "فرهنگ کردی" کە فەرهەنگێکی کوردی - فارسی یە لەدووبەرگ دا لە تاران ساڵی١٩٦٨و ١٩٦٩ لەچاپ دراوە ،بەرگی یەکەم لە پیتی( ئەلف - ب) و (٦٤٠٠) ووشەیە وبەرگی دووەم پیتی( ب - ت) و بریتیە لە ٦٢٥٠ ووشە بەلام ئەوەی شایانی باسە کە ( صدیق صفی زادە-بورەکەیی ) لە لاپەرە (٤٤)ی فەرهەنگی (ماد) دا دەڵێت ئەم فەرهەنگە ئەم داینا وە بەلام ( ئەورەنگ، مراد) بەناوی خۆیەوە لە چاپی داوە .

٧- ئیزد پەناە - حمید:-
( فەرهەنگی لەك و لووڕ) لەتاران ساڵی ١٩٦٤ دەرچووە .
ساڵی ١٩٧٨ محمود زامدار ئامادەی کردووە بۆ چاپ و لەسەری نووسیوەو لە سەر ئەرکی کوری زانیاری کورد لەچاپ دراوەتەوە . ئەم چاپە نوێ یە بریتیە لە ٢٣٢ لاپەرە .

٨- بەکاییف .ج. خ :-
فەرهەنگی کوردی - ڕووس ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ بە شێوەی کرمانجی ژووروو لە چاپ دراوە ،بریتیە لە(١٤٠٠٠) - چواردە هەزار ووشە-٣-

٩- پالاس :
لەسەرداخوازی( کاترین) ژنە ئیمپرا - تۆری ڕووسیا ، ساڵی ١٧٨٧ فەرهەنگێکی



گەورەی نووسیوە بۆ هەموو شێوەو زمانەکان بۆ یەکەم جار ٢٧٦ ووشەی کوردی لەم فەرهەنگەدا لە چاپ دراوە .

١٠- پریم . نۆژن و سوسین ئەلبێرت :-

ساڵی ١٨٨٧ - ١٨٩٠ لە پترسبوورگە کتێبێکیان چاپی کردووە لە چوار بەرگدا بەناوی( کۆمەڵی چیرۆك و گۆرانی کوردی) ،فەرهەنگۆکێکی (٦٠)شەست لاپەرەیی کوردی - ئەڵەمانی ) لەگەڵ ئەم کتێبەدا لەچاپ دراوە٤.

١١- توفیق وەهبی :-

١- فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی
ساڵی ١٩٦٦ لە لەندەن بە هاوکاری سی. جی ئەدموندز چاپ کراوە-٥- بریتیە لە ١٦٧ لاپەرە پترلە ( ١٠٠٠٠) دە هەزار ووشەی تیدایە
٢- فەرهەنگی کوردی - ئاڤیستایی سانسکریتی - فارسی .
٣- فەرهەنگی پارسی - کوردی
٤- فەرهەنگی بۆ چاووگ لە ئاڤیستاو زمانی کوردیدا.

١٢ - جاردین . ر. ف :-

لە بەغداد ساڵی ١٩٢٢ کتێبێکی لەچاپ داوە بەناوی ( ڕێزمانی کوردی کوردەکانی مووسڵ)٦- لەلاپەرە ٦٥- ١١٤ ی ئەم کتێبە فەرهەنگێکی ئینگلیزی - کوردی داناوە کە بریتییە لە چوار هەزار ووشە.




١٣ - جۆیس بلوو :-

فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی - ئینگلیزی-٧-
ساڵی ١٩٦٥ لە برۆکسل لەچاپ دراوە بە سەرپەرشتی دکتۆر جەلادەت بەدرخان.

١٤- جەگەر خوێن :-

( فەرهەنگا کوردی)
ساڵی١٩٦٢ لەبەغداد بەدوو بەرگ چاپ کراوە بریتی یە لە (٦٠٠٠)شەش هەزار ووشە.

پەراویزەکان

(I):Recueil de mots Kurdes en dialecte de Novo Bayazet.in:"Memoires dela socie'te,Linguistique de Paris",p. 349-363. Kurdish-French vocabulary:p. 349-370 . I9II .

(2):Kurdische-Persische Forschungen.Die Mundart der Mukri-Kurden,Berlin I906.Abteilung IV , Bd III,T.I.

(3):Kurdsko-Russkij slovar.Mosscow. Akad.Nauk,sssr.Inst.Jazykozn . Izd.I957 .

(4):Kurdische sammlungen im Dialekte des turabdin.st.Petersburg I887 .
Kurdische sammlungen in den dialekten des Turabdin im von bohtan.st.Petersburg,I890 .

(5):Kurdish-English Dictionary . By:Taufiq Wahby,and C.J.Edmonds. Oxford At The Clarendon press I966 .

(6):A grammar of the Kurmandji of the Kurds of Mossoul,division and surrounding districts of kurdistan.Baghdad.I922 .

(7):Dictionnaire Kurde,Francais , Angalais. Joyce Blau . Bruxelless - I965 .

# شانۆگەری «تەنەکە» ی یەشار کەمال




ماوەی نێوان ١٧/ئازار – ١٢ نیسان لە سەر شانۆی هۆڵی ( الحمراء ) لە دیمەشق شانۆگەری ( تەنەکە )ی نووسەری بەناوبانگی کورد "یەشار کەمال " پێشکەش کرا . لەدەرهێنانی هونەرمەند ( محمد الطیب ) و نواندنی تیپی شانۆی نەتەوەیی سوریا .

شانۆگەریەکە بریتیە لە باسکردنی ژیان لە یەکێ لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیاو پەیوەندی نێوان ئاغا و دەرەبەگ و حکوومەتی تورکیا و چەوساندنەوەی جووتیارە هەژارەـ کان بە هەموو شێوەیەک .

